زنجیرەی ڕێنماییەکانی ڕێگای ڕاست( ٣٨ )

# ڕوناکی نییەت پاکی
# و
# تاریکییەکانی
# ویستی دونیا بەکاری دوارِۆژ

## لە ژێر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا


نوسینی:

**د. سعيد بن علي بن وهف القحطاني**

وەرگێڕانی:

**م.شاخوان جواد أحمد**

**پێش نوێژو وتار خوێنی مزگەوتی ( سەید ئەحمەدی فەیلەسوف ) / چەمچەماڵ**



**چاپی یەکەم** **١٤٢٩كۆچی-٢٠٠٨زایینی**


===================


**لەبڵاوکراوەکانی سایتی بەهەشت**

www.ba8.org

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ**

# پێناسەی پەرتووك

**ناوی كتێب: ڕوناكی نییەت پاكی و تاریكییەكانی ویستی دونیا بەكاری دواڕۆژ .**

**ناوی نووسەر: د. سعيد بن علي بن وهف القحطاني .**

**ناوی وەرگێڕ: م.شاخوان جواد أحمد.**

**ژمارەی سپاردن:** ژمارە ( ٣٤٦)ی ساڵی (٢٠٠٢) پێ دراوە لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە .

**زنجیرە:** زنجیرەی (٣٨) لە زنجیرەی ڕێنماییەكانی ڕێگای ڕاست.

**نۆرە و ساڵی چاپ:** یەكەم (١٤٢٩ هـ / ٢٠٠٨) .

**چاپ خانە:** چاپەمەنی سیما/ سلێمانی .

**بنكەی بڵاوكردنەوە:**

**كتێبخانەی سوننە ـ سلێمانی.**

**كتێبخانەی سیما ـ چەمچەماڵ.**

**كتێبخانەی زانست ـ كەلار.**

قال الإمام الشافعي رحمهُ الله :

كُلُّ العُلومِ سِوَى القُرآنِ مَشغَلَة إلاَّ الــحَدِيثَ وإلاَّ الفِقْــهَ في الدِّينِ

العلمُ ما كانَ فيه قالَ حَدَّثَــنا وَما سوَى ذَاكَ وَسواسُ الشَّياطيــن

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی وەرگێڕ

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ونتوب إليه ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له واشهد أن لا اله إلا الله وحده لا شريك له واشهد أن محمدا عبده ورسوله.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴿١٠٢﴾ ﴾ (١)

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴿١﴾ ﴾ (٢)

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ﴿٧٠﴾ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾ ﴾ (٣)

أما بعد :

فإنَّ خيرَ الحَديثِ كِتابُ اللهِ، وَخيرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ، وَشرَّ الأمورِ مُحْدَثاتُها، وكلَّ مُحدَثَةٍ بِدْعَة، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَة، وَكُلَّ ضَلالَةٍ في النّار.

**موسڵمانی خۆشەویست ئەم نامیلکەیەی بەر دەستت باس لە یەکێك لە گرنگترین بنچینەکانی گیرابوونی کردەوە چاکەکان دەکات، ئەو بنچینەیەی ئەگەر لە هەر کردەویەکی چاکەدا نەبێت وەرناگیرێت و قەبوڵ نابێت، ئەویش نییەت پاکییە، بۆیە گەورەترین و بەنرخ ترین دەست مایەی موسڵمان بۆ**

(١) سورة آل عمران ، آية (١٠٢) .

(٢) سورة النساء ، آية (١) .

(٣) سورة الأحزاب ، آية (٧٠-٧١) .

گیرابوون و بەدەست هێنانی پاداشتی زۆر لەسەر کردەوە چاکەکانی بریتیە لەو نییەتەی کە لەناو دڵیدا هەیە، جا بە پێی بوون و نەبوون و کەم و زۆری نییەتی حیساب بۆ کردەوەکانی دەکرێت.

بۆیە موسڵمانی خۆشەویست زۆر هەوڵ بدە نییەتت تەنها بۆ خوای پەروەردگار بێت لە ئەنجام دانی کردەوەکانتدا، چونکە خێرو بەرەکەتی دونیاو دوارۆژ لە فەزڵ و گەورەیی بەروو بومەکانی نیەت پاکییە، وە گەورەترین هۆکارە بۆ گیرابوون و وەرگیرانی کردەوەکان ئەگەر شوێن کەوتنی پێغەمبەری (ﷺ) لە گەڵدا بێت، وە دەبێتە مایەی بە دەست هێنانی خۆشەویستی خوای پەروەردگار و پاشان خۆشەویستی فریشتەکان، وە نیەت پاکی بنچینەو بنەماو ناوەڕۆکی هەموو کردەوەیەکە.

موسڵمانی ئازیز بە هۆی نییەت پاکی و دڵسۆزیتەوە خێرو پاداشتت بۆ دەنوسرێت لەسەر کردەوە حەڵاڵ و دونیاییەکان ئەگەر لە ئەنجامدانیاندا مەبەستت خوای پەروەردگار بێت، وە خێرو پاداشتت بۆ دەنوسرێت لەسەر ئەو کردەوانەی کە نییەتی باش و ڕاستت هەبووە بیانکەیت ئەگەر نەتتوانی بیشیان کەیت (بە هۆی ڕێگرێکەوە)، موسڵمانی خۆشەویست ئەگەر دەتەوێت خوای پەروەردگار ئەم ئوممەتە سەربخات بەسەر دوژمنان و ناحەزانیدا ئەوە هەوڵ بدە نییەتت پاك بکەیتەوە لە ڕیاو بەشەکانی نەفست، وە بزانە نییەت پاکی مایەی ڕزگار بوونە لە سزای دوارۆژ، وە هۆکارە بۆ لاچوون و نەمانی تەنگ و چەڵەمەی دونیاو دوارۆژ، وە مایەی ڕزگار بوونە لە گومڕایی و سەرلێشێواوی، وە هۆکارە بۆ زیاتر هیدایەت و ڕێنمونی.

بۆیە خوشك و برای ئازیز ئەگەر دەتەوێت هەست بە دڵ ئارامی و

بەختـەوەری بکـەیت، ئەگـەر دەتـەوێت ئیمـان لـە دڵتـا جـوان و ڕازاوە بێـت و عاقیبەتت خێر بێـت و پاڕانـەوەکانت گیرابێـت و لـە نـاو گۆڕدا نـازو نیعمـەت و موژدەی دڵخۆش کەر بە دەست بهێنیت و بچیتە ناو بە هەشـتەوەو ڕزگـار بێـت لە ئاگری دۆزەخ، ئەوە هـەوڵ بـدە هـەر کاتێـك کـردەوەی چـاکەت کـرد تـەنها مەبەسـتت ڕازی کردنـی خـوای پـەروەردگار بێـت و دوور بیـت لـە ڕیـا کـردن و کردەوە کردن بۆ نەفسی خۆت.

داواکارم لە خـوای پـەروەردگار بـۆ خـۆم و سـەرجەم موسـڵمانان دڵسۆزی و نیازپاکیمان پێ ببەخشێت لە هـەموو ووتـەو کردەوەیەکدا، وە کردەوەکانمـان پاك بکاتەوە لە بەشی نەفس و هەواو ئارەزووەکانی، وە دوورمـان بخاتـەوە لـە کردنی ڕیا.

لـــە کۆتاییـــدا لـــە خـــوای پـــەروەردگار دەپاڕێینـــەوەو دەڵـێین: ﴿ رَبَّنَا لَا تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا وَهَبْ لَنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً ۚ إِنَّكَ أَنتَ الْوَهَّابُ ﴿٨﴾ ﴾ (آل عمران: ٨).

**: م. شاخەوان جەواد ئەحمەد**

**پێش نوێژو وتار خوێنی مزگەوتی (سەید ئەحمەدی فەیلەسوف)**

بسم الله الرحمن الرحيم

**پێشەکی دانەر :**

إن الحمد لله، نحمده، ونستعينه، ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا، وسيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدًا عبده ورسوله، صلى الله عليه وعلى آله وأصحابه ومن تبعهم بإحسانٍ إلى يوم الدين، وسلم تسليمًا كثيرًا، أما بعد:

موسوڵمانی خۆشەویست ئەمەی بەردەستت نامیلکەیەکی کورتە لەسەر" **ڕوناکی نییەت پاکی و تاریکییەکانی ویستی دونیا بەکاری دوا ڕۆژ** " تیایدا تێگەیشتن لە ماناو واتەی نییەت پاکی و گرنگی و پایەی بەرزی نیەتی باشم ڕوون کردۆتەوە، وە باسی ویستی بەدەست هێنانی دونیا بە کردنی کاری چاکەم کردووە، وە باسی ئەو کارانەم کردووە کە بۆ بەدەست هێنانی دونیا دەکرێت، وە باسی ترسناکی و جۆرو بەشەکانی ڕیام کردووە، وە باسی شوێنەواری خراپی ڕیا لەسەر کردەوە چاکەکانم کردووە، وە باسی هۆکارو پاڵنەرەکانی ڕیام کردووە، وە باسی ڕێگا چارەی بەدەست هێنانی نیەت پاکیم (الإخلاص) کردووە.

موسڵمانی خۆشەویست نییەت پاکی هۆکارێکە بۆ سەرکەوتن و ڕزگار بوون لە سزای خوای پەروەردگار، وە بەرز بوونەوەی پلەو پایە لە دونیا و دواڕۆژدا پێی، وە سەرفراز بوون بە خۆشەویستی خوای پەروەردگار بە هۆیەوە، وە خۆشەویستی ئەهلی ئاسمانەکان و زەوی بۆ کەسی نیازپاك (المُخلِص)، کە بەڕاستی ئەمە نورو ڕوناکییەکە خوای پەروەردگار دەیخاتە دڵی ئەو بەندانەی

كە خۆی ویستی لێیە، هەروەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَمَن لَّمْ يَجْعَلِ اللَّهُ لَهُ نُورًا فَمَا لَهُ مِن نُّورٍ ﴿٤٠﴾﴾ (النور: ٤٠).

واتە: هەركەسێك خوای پەروەردگار نورو ڕوناكی پیٚ نەبەخشێت، ئەوە هەرگیز نورو ڕوناكی نییە. ویستی بەدەست هێنانی دونیا بە كردنی كاری دواڕۆژ هەمووی تاریكییە، لەبەر ئەوەی ویستی بەدەست هێنانی دونیا بە كردنی كاری دواڕۆژ پێچەوانەی خوا بە تەنها پەرستییە، وە ئەگەر تێكەڵ بەهەر كردەوەیەك ببێت ئەوە هەڵی دەوەشێنێتەوە، هەروەك خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَالَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ ﴿١٥﴾ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِي الْآخِرَةِ إِلَّا النَّارُ ۖ وَحَبِطَ مَا صَنَعُوا فِيهَا وَبَاطِلٌ مَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿١٦﴾﴾ (هود: ١٥-١٦).

واتە: هەركەسێك لە ژیانی دونیادا تەنها مەبەست و هەوڵ و كۆششی دونیاو جوانیەكانی بێت، ئەوا ئێمە لەدونیادا ئاوات ومەبەستەكانی ئەدەینیٚ "بە ئەندازەی ویستی خۆمان كە بڕیارمان لەسەر داوە نەك بەمەبەست وهەڵپەو هەموو ئاواتەكانی خۆیان" وە لە دونیادا بەرهەمی ڕەنجی خۆیان وەرئەگرن، وە لە دوا ڕۆژدا هیچ پاداشتی چاكەیان نادرێتەوە وە هیچ خۆشی و ئیسراحەتیان بۆ نییە تەنها ئاگری دۆزەخ نەبێت، وە ئەو كردەوانەی لە دونیادا ئەیان كرد هەمووی پوچەڵە و وەرنەگیراوە لای خوای پەروەردگار چونكە بۆ خوای پەروەردگاریان نەكردوەو مەبەستیان ڕازی بوونی ئەو نەبووە.

ئەم نامیلكەیەم كردۆتە دوو بەشەوە، هەر بەشەی چەند باسێكی لە ژێردا جیٚ دەبێتەوە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

## بەشی یەكەم: ڕوناكی نییەت پاكی.

**باسی یەكەم:** تێگەیشتن لە ماناو واتەی نییەت پاكی.

**باسی دووەم:** گرنگی نییەت پاكی.

**باسی سێیەم:** پلەو پایەی بەرزی نیەتی باش.

**باسی چوارەم:** بەرو بووم و سودەكانی نییەت پاكی.

## بەشی دووەم: تاریكییەكانی ویستی دونیا بەكاری دوا ڕۆژ:

**باسی یەكەم:** ترسناكی ویستی بەدەست هێنانی دونیا بە كردنی كاری چاكە.

**باسی دووەم:** جۆرەكانی ئەو كارانەی كە بۆ بەدەست هێنانی دونیا دەكرێت.

**باسی سێیەم:** ترسناكی و زیانەكانی ڕیا.

**باسی چوارەم:** جۆرو وردەكارییەكانی ڕیا.

**باسی پێنجەم:** بەشەكانی ڕیاو شوێنەواری خراپی لەسەر كردەوە چاكەكان.

**باسی شەشەم:** هۆكارو پاڵنەرەكانی ڕیا كردن.

**باسی حەوتەم:** ڕێگا چارەی بەدەست هێنانی نیازپاكی و چارەسەری ڕیا كردن.

داواكارم لەو خوایە بەو ناوە گەورەیەی ئەگەر داوای لێ بكرێت پێی ئەبەخشێت، وە ئەگەر هاواری بۆ بكرێت پێی وەڵام ئەداتەوە، داوای لێ دەكەم، ئەم كارە پیرۆزە تەنها لەبەر خاتری ئەو بێت، نوسەرو خوێنەرو چاپكەرو بڵاو كەرەوەی لە فیردەوسی بەرزو پان و بەرین پڕ نازو نیعمەت نزیك بكاتەوە، وە سودم پێ بگەیەنێت لە ژیانی دونیاو پاش مردنم، وە سود بە هەموو ئەو كەسانە بگەیەنێت كە ئەگات پێیان، بەڕاستی خوای پەروەردگار باشترین داوا لێكراوە و بەرێزترین ئومێد پێ بووانە، تەنها هەر ئەو پشتیوانمانە

وباشترین پشت پێ بەستراوە، وە سوپاس و ستایش بۆپەروەردگاری هەردوو جیهانیان، وە سەڵات و سەلامی خوای پەروەردگار لەسەر بەندەو پێغەمبەری (ﷺ) ڕاستگۆی خۆی و یارو یاوەران و شوێن کەوتوانیان بە چاکی تاڕۆژی دوایی بێت.

# بەشــی یەکــەم: ڕونــاکی نییــەت

## باســی یەکەم: تێگەیشتن لە ماناو واتەی نییەت پاکی:

مانای ووشەی (الإخلاص) لە زمانەوانیدا: خَلَصَ يَخلُصُ خلوصًــا: واتــە: پــاك بووەوە و خڵت و خاشی لەسەر نەما، وە دەوترێت: خَلَصَ مِن وَرطَتِهِ: سەلامەت بوو لێی و ڕزگاری بوو، وە دەوترێـت: خلَّــصه تَخليــصًا، واتــە: ڕزگـاری کـرد، والإخلاصُ في الطّاعةِ: تَركُ الرّياء[1]، نییـەت پـاکی لـە پەرستندا، بریتیـە لـە واز هێنان لە ڕیاکردن.

وە بنــچینەی نییــەت پــاکی ئەوەیــە: کاتێـك بەندەیــەکی موســڵمان هــەر کردەوەیەکی چاکە دەکات مەبەستی پێی تەنها نزیـك بوونـەوە بێـت لـە خـوای پەروەردگار.

زانایان (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) پێناسەی زۆریان بۆ نییەت پاکی کـردووە، کـە مانای هەندێکیان نزیکە لە یەکەوە:

ووتراوە: نییەت پاکی واتە: هەموو مەبەستەکان لـە پەرسـتندا تـاك ڕاگرتنـی خوای پەروەردگار بێت.

وە ووتــراوە: نییــەت پــاکی واتــە: یەکــسان بــوونی کردەوەکــانی بەنــدەی موسڵمان لە نهێنی و ئاشکرادا، وە ڕیا واتە: پیشاندانی ڕووکـەش بـە بـاش تـرو چـاکتر لـە نـاوەڕوك، وە ڕاسـتگۆیی لـە نیازپاکیـدا ئەوەیـە: نـاوەڕك و نهێنـی

(١) بڕوانە: المعجم الوسيط ٢٤٩/١، ومختار الصحاح ص٧٧.

بەندەی موسڵمان ئاوەدانترو گەشاوەتر بێت لە ڕووکەشی.

وە ووتراوە: نییەت پاکی واتە: پاککردنەوەی کردەوە لە هەموو کارێك کە ئەو نیازە لەکەدار دەکات (وەکو: ڕیا و خۆ دەرخستن و .....هتد)(٢).

موسڵمانی خۆشەویست ئەوەی لە پێشدا باسکرا ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە کە نییەت پاکی بریتیە لە: ئەنجامدانی کردەوە تەنها بۆ خوای پەروەردگار و نزیك بوونەوە پێی تەنها لە خوای پەروەردگاری تاك و تەنها، کە نابێت نییەتی ئەو کردەوەیە هیچ ڕیاو خۆدەرخستن و داواکردنی شتێکی کەمی بەسەر چوو و خۆ لە پێش کردنێکی تێدا بێت، بەڵکو بە ئەنجامدانی ئەو کارە چاکەیە ئومێدی پاداشتی خوای پەروەردگاری هەبێت، وە ترسی سزای خوای پەروەردگاری هەبێت، وە بەتەمای ڕازی بوونی خوای پەروەردگار بێت.

هەر بۆیە زانای پایە بەرز فُضَيلي کوڕی عِیاض (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت: « نەکردنی کردەوەی چاکە لە ترسی خەڵکی ڕیایە، وە کردنی کردەوەی چاکە لەبەر (یان بۆ) خەڵکی شیرکە، وە نییەت پاکی ئەوەیە خوای پەروەردگار سەلامەتت بکات لەو دوو کارە »(٣).

نییەت پاکی لە ژیانی موسڵماندا واتە: مەبەستی بە کردەوەو ووتەو سەرجەم هەڵس و کەوتوو ڕێنمونی کردن و فێربوونی تەنها خوای پەروەردگار بێت، ئەو خوایەی کە هیچ هاوەڵ و شەریکی نییە، وە هیچ پەروەردگارێك نییە جگە لە خۆی.

---

(٢) بڕوانە: مدارج السالكين لإبن القيم ٩١/٢.

(٣) بڕوانە: هەمان سەرچاوە ٩١/٢.

## باسی دووەم: گرنگی نییەت پاکی

موسڵمانی خۆشەویست خوای پەروەردگار مرۆڤ و جنۆکەکانی دروست کردووە بۆ ئەوەی بە تاك و تەنها بیپەرستن و هیچ هاوەڵێکی بۆ بڕیار نەدەن، وە فەرمانی کردووە بە هەموو مرۆڤ و جنۆکەکان تا نییەت پاك بن لە پەرستنەکانیاندا، هەروەك فەرموویەتی: ﴿ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ﴿٥﴾ ﴾ (البينة: ٥).

واتە: فەرمانیان پێنەکراوە تەنها بەوە نەبێت کە خوای پەروەردگار بە تاك و تەنها بپەرستن و دڵسۆزو نییەت پاك بن لەو دینداری و پەرستنەی کە بۆ خوای پەروەردگاری دەکەن.

وە هەروەها فەرموویەتی: ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ فَٱعۡبُدِ ٱللَّهَ مُخۡلِصٗا لَّهُ ٱلدِّينَ ﴿٢﴾ أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلۡخَالِصُۚ ﴿٣﴾ ﴾ (الزمر: ٢-٣).

واتە: بێگومان ئێمە قورئانی پیرۆزمان دابەزاندووە بۆسەر تۆ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بە حەق (تا حەق و ڕاستی ڕوون بکاتەوە)، کەواتە هەر خوا بپەرستەو مل کەچ و دڵسۆزو نیازپاکبە لە پەرستنەکانتدا بۆ خوای پەروەردگار، وە ئاگادار بن و باش بزانن کە دینی پاك و خاوێن (بە دڵسۆزی و نییەت پاکی) تەنها بۆ خوای پەروەردگارە.

وە هەروەها فەرموویەتی: ﴿ قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٦٢﴾ لَا شَرِيكَ لَهُۥۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرۡتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ﴿١٦٣﴾ ﴾ (الأنعام: ١٦٢-١٦٣).

واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بە موشریكین و هاوەڵ پەیدا كەران بڵێ: من نوێژ كردنم و (فەرزەكانم و سوننەتەكانم) سەربڕینم و هەموو ژیانم – ئەوەی لەم دونیایەدا ئەنجامی ئەدەم و ئەوەی كە بەسەرم دێت"مردنم" واتە هەموو ئەو كارە چاكانەی كە لەسەری ئەمرم تەنها بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیانە، ئەو خوایەی كە هیچ هاوەڵێكی نییە، بەو شێوەیە فەرمانم پێ كراوە كە هەموو پەرستنەكان تەنها بۆ خوای گەورە ئەنجام بدەم، وە من یەكەم كەسم لەم ئوممەتە كە مل كەچ بم بۆفەرمانەكانی خوای گەورە.

وە هەروەها فەرموویەتی: ﴿ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۚ ﴿٢﴾﴾ (الملك: ٢).

واتە: خوای پەروەردگار ئەو خوایەیە كە مردن و ژیانی دروست كردووە بۆ ئەوەی تاقیتان بكاتەوە كام لە ئێوە كردەوەی جوان و باشی كردووە.

هەربۆیە زانای پایە بەرز فُضَيلي كوڕی عِياض (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت: « أَحْسَنُ عَمَلًا: هُوَ أخلَصَهُ وَأصوَبَهُ، قالوا: يا أبا عَلي: ما أَخلَصَهُ وَأصوَبَهُ؟ فَقال: إنَّ العَمَلَ إذا كانَ خالِصًا وَلَمَ يَكُن صَوابًا لَم يُقبَل، وَإذا كانَ صَوابًا وَلَم يَكُن خالِصًا لَم يُقبَل، حَتّى يَكون خالصًا صَوابًا. وَالخالِصُ أن يَكونَ للهِ والصَّوابُ أن يَكونَ عَلى السُّنَّةِ »[٤].

واتە: أَحْسَنُ عَمَلًا: هو أَخلَصَهُ وَأصوَبَهُ، ووتیان: ئەی باوكی علی (أَخلَصَهُ وَأصوَبَهُ) مانای چی یە؟ ئەویش فەرمووی: « هەر كردەوەیەك ئەگەر دڵسۆزی (نییەت

---

[٤] **بڕوانە**: مدارج السالكين ٢/٨٩.

پاکی) تیابوو بۆ خوای پەروەردگار بەڵام (صَواب)ی تێدا نەبوو ئەوە وەرناگیرێت، وە ئەگەر (صَواب)ی تێدا بوو بەڵام مەبەستەکە بۆ خوای پەروەردگار نەبوو هەر وەرناگیرێت، بەڵکو دەبێت ئەو کردەوەیە ئیخلاص و صوابی تێدا بێت بۆ ئەوەی وەرگیراو بێت، مەبەست بە (الخالص) تەنها بۆ خوای پەروەردگار بێت، وە(الصّواب)واتە: ئەو کردەوەیە لەسەر سوننەت بێت»

پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿ فَمَن كَانَ يَرْجُوا لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا ﴿١١٠﴾ ﴾(الكهف: ١١٠).

واتە: هەر کەسێك ئومێدی ئەوەی هەیە کە بە سەرفرازی و بەختەوەرییەوە بگەڕێتەوە لای خوای پەروەردگار و بگات بە دیداری با کردەوەی چاکە بکات و بە هیچ شێوەیەك هاوەڵی بۆ بڕیار نەدات (لە عیبادەتەکانیدا دڵسۆزی و ئیخلاصی تێدا بێت و ڕیای تێکەڵ نەکات).

وە هەروەها دەفەرمووێت: ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِّمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ ﴿١٢٥﴾ ﴾ (النساء: ١٢٥).

واتە: کێ هەیە لەو کەسە ئاینی جوانتر و ڕێکترو باشتر بێت کە ڕووی کردۆتە خوای پەروەردگار و تەواو خۆی داوەتە دەست ئەوو زۆر چاکەکاریشە، بێ گومان هیچ کەس لەو باشتر نییە. ڕوو کردنە خوای پەروەردگار، واتە: نیازپاك بیت لە مەبەست و کردەوەدا بۆ خوای پەروەردگار، چاکەکاری لە عیبادەتدا، واتە: شوێن کەوتوی پێغەمبەر (ﷺ) سوننەتەکانی بێت(٥).

(٥) بڕوانە: مدارج السالكين ٢/٩٠.

هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەر (ﷺ) أَنَسي كوڕی مالك (رضي الله عنه) دەفەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: « ثَلاثٌ لا يَغلُّ عَلَيهِنَّ قَلبُ مُسلِمٍ: إخلاصُ العَمَلِ للهِ، وَمُناصَحَةُ ولاةِ الأمرِ، وَلُزومَ جَماعةِ المسلمينَ فَإنَّ دَعوَتَهُم تُحيطُ مِن وَرائِهِم» (٦)

واتە: سێ كار هەیە هیچ ڕق و كینەو حەسودیەك لە دڵی موسڵماندا ناهێڵێت (یان سێ كار هەیە نابێت هیچ دڵێكی پاكی موسڵمان لێی بێبەش بێت)، ئەویش: كردنی هەموو كردەوەیەكی چاكە تەنها بۆ ڕازی بوونی خوای پەروەردگار بێت (نییەت پاكی)، وە ئامۆژگاری كردنی كاربەدەستان (لە موسڵمانان)، وە پابەند بوون و لە گەڵ بوونی جەماعەت و كۆمەڵی ڕاستەقینەی موسڵمانان.

هەندێ لە زانایان دەفەرموون: (فَإنَّ دَعوَتَهُم تُحيطُ مِن وَرائِهِم) واتە: ئەگەر كۆمەڵێك موسڵمان لە شوێنێكدا بوون و ئیمام و پێشەواكەیان مرد، وە موسڵمانان كۆبونەوە و پێشەوایەكیان دانا و ڕازی بوون بەوەی كە ببێتە ئیمام و پێشەوایان، ئەو كاتە پێویستە موسڵمانان هەموویان كە لەو شوێنەن بچنە ژێر فەرمانەكانیەوەو لێی جیا نەبنەوە، ئەگەر ئەو ئیمام و پێشەوایە بە ئاشكرا تاوان و خراپەكاری لێ نەوەشێتەوە، لەبەر ئەوەی بانگەوازی پێشەوایان (لە موسڵمانان) بانگەوازێكی گشتی یە (بۆ یەك خستنی موسڵمانان و جێبەجێ كردنی شەرعی خوای پەروەردگار) بۆیە پێویستە هەموو موسڵمانان وەڵامی

---

(٦) أخرجه الترمذي، في كتاب العلم، باب: ما جاء في الحث على تبليغ السّماع ٣٤/٥، برقم ٢٦٥٨ من حديث عبد الله بن مسعود رضي الله عنه، وأخرجه أحمد ١٨٣/٥ من حديث زيد بن ثابت رضي الله عنه، وصححه الألباني في مشكاة المصابيح ٧٨/١.

بدەنەوەو بچنە ژێر فەرمانەکانیەوە و لێی دەرنەچن (ئەگەر فەرمانی نەدەکرد بە خراپە) لەبەر ئەوەی بوونی دوو ئیمام و پێشەوا لەیەك کاتێکدا دەبێتە مایەی دووبەرەکی و فیتنەو ئاشوب و تێك چوونی پەیوەندی نێوان موسڵمانان[٧].

نییەت پاکی و دڵسۆزی ڕوح و ناوەڕۆکی کردەوەی موسڵمانە، وە گرنگترین ڕەوشتێتی، بۆیە بەبێ نییەت پاکی و دڵسۆزی هەوڵ و کۆششی ئەو بەندەیە وەکو تەپ و تۆزێکی بە بادا چوو وایە.

وە نییەت پاکی و دڵسۆزی بە یەکدەنگی زانایان گرنگترین کردەوەکانی ناو دڵە، وە گومانی تێدا نییە کردەوەکانی ناو دڵ بنچینەن بۆ: خۆشەویستی خوای پەروەردگار و پێغەمبەر (ﷺ)، وە بنچینەن بۆ پشت بەستن بە خوای پەروەردگار، دڵسۆز بوون بۆی، ترسان لێی، ئومێد بوون تەنها بەو، وە کردەوەکانی لاشە شوێن کەوتووی کردەوەکانی ناو دڵن، بۆیە نییەت بە وێنەی ڕوح و دڵە و کردەوەکانیش بە وێنەی لاشەیە بۆ ئەندامەکانی، هەر کاتێك ئەو لاشەیە ڕوحی تێدا نەما ئەوە ئەو لاشەیە دەمرێت (کاتێك دڵسۆزی لە کردەوەکاندا نەما بە وێنەی ئەو لاشە مردووە وایە کە هیچ سودی نییە)، بۆیە زانین و شارەزابوونی حوکمەکانی ناو دڵ پێویستترو گرنگترە لە زانین و شارەزابوونی حوکمەکانی لاشە.

بۆیە پێویستە موسڵمان دڵسۆزو نییەت پاك بێت بۆ خوای پەروەردگار لە کردەوەکانیدا، مەبەستی ڕیاو ناو دەرکردن و باش باس کردنی لە لایەن

---

[٧] **بڕوانە:** التمهيد لإبن عبدالبر (ج ٢١ / ص ٢٧٨)

خەڵکەوە و سوپاسیان نەبێت، بەڵکو بانگەواز بکات بۆ لای خوای پەروەردگار تەنها مەبەستی ڕازی کردنی ئەو بێت، هەروەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ قُلۡ هَٰذِهِۦ سَبِيلِيٓ أَدۡعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِۚ ١٠٨ ﴾ (یوسف: ١٠٨).

واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بڵێ: ئەمە ڕێگای ڕاستی منە تەنها بانگەواز دەکەم بۆ لای خوای پەروەردگار (بۆ ڕیاو ناوبانگ و خۆدەرخستنم نییە)٠

وە هەروەها دەفەرموێت:﴿ وَمَنۡ أَحۡسَنُ قَوۡلٗا مِّمَّن دَعَآ إِلَى ٱللَّهِ ٣٣ ﴾(فصلت: ٣٣).

واتە: کێ هەیە لەو کەسە ووتەی جوانترو ڕێکترو باشتر بێت کە بانگەواز دەکات بۆ لای خوای پەروەردگار، بێگومان هیچ کەس.

وە دڵسۆزی و نییەت پاکی گەورەترین سیفاتە کە پێویستە لەناو موسڵماناندا هەبێت، کە دەبێت کردەوەی چاکە و بانگەواز کردنیان تەنها بۆ ڕازی بوونی خوای پەروەردگار و بە دەست هێنانی بەهەشتی پان و بەرین بێت، وە دەبێت مەبەستیان چاککردنی خەڵك بێت و لە تاریکییەکانی تاوان و خراپەکارییەوە دەریان بکەن بۆ ڕوناکی باوەڕو کردەوەی چاکە[٨].

---

(٨) **بڕوانە**: مجموع فتاوى سماحة الشيخ ابن باز ١/٣٤٩ و٤/٢٢٩.

## باسی سێ یەم: پلەو پایەی بەرزی نییەتی باش

**نییـەت:** بنـچینەو بنـەمای هـەموو کردەوەیەکـە، وە کۆڵەکـەو سـەری هـەموو کارێکە، ئەو بنچینەیەیە کە کردەوەی لەسەر بنیات دەنرێت، لەبەر ئـەوەی ڕوح و ناوەڕۆکی کردەوەیە، پێشەواو پێشخەرێتی، کردەوە شوێن کەوتووی نییەتە، هەر بۆیە چاکی کردەوەکان پەیوەستە بە چاکی نییـەت، وە خراپـی کـردەوە پەیوەستە بە خراپی نییەت، وە بە هۆی بـوونی نییـەتی باشـەوە سـەرفرازی و بەختەوەری بە دەست دێت، وە بە هۆی نەبونیـەوە بەدبـەختی ڕوو دەدات، وە هەر بە پێی نییەتە پلەکان جیـاوازن (لـە ڕووی بـەرزی و نزمییـەوە) لـە دونیـاو دواڕۆژدا[٩]، هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ﴿إِنَّما الأَعمالُ بِالنِّياتِ وَإِنَّما لِكلِّ امرِئٍ مَا نَوى...﴾[١٠].

واتە: کردەوەکان بە پێی نییەتەکانن (لە ڕووی دامـەزران و گیرابوونـەوە) وە هەموو کەسێك ئەوەندە پاداشتی بۆ دەنوسرێت کە مەبەستێتی و لە نییەتی دایە.

وە خوای پەروەردگار فەرموویـەتی: ﴿ لَّا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿١١٤﴾ ﴾( النساء: ١١٤).

---

(٩) **بڕوانە:** النية وأثرها في الأحكام الشرعية للدكتور صالح بن غانم السدلان ١/١٥١.

(١٠) متفق عليه من حديث عمر بن الخطاب ﷺ: البخاري، كتاب بدء الوحي، باب: كيف كان بدء الوحي إلى رسوله ﷺ ١/٩، برقم ١. ومسلم، كتاب الإمارة، باب: قوله ﷺ: "إنما الأعمال بالنية"، ٣/١٥١٥، برقم ١٩٠٧.

واتە: لە زۆربەی چپەو قسە نهێنیەكاندا هیچ خێرێك بەدی ناكرێت و تیایدا نییە، مەگەر چپەی ئەو كەسەی كە فەرمان دەكات بە بەخشینێك، یان چاكەیەك، یان ڕێكخستن و چاكسازی و ئاشتبوونەوەی نێوان خەڵكی، جا هەر كەسێك ئەو شێوازە چاكەیە ئەنجام بدات و لە گەڵ ئەوەدا تەنها مەبەستی ڕەزامەندی خوا بێت، ئەوە لە ئایندەدا پاداشتی زۆرو بێسنوورو گەورەی پێدەبەخشین.

ئەمە بەڵگەیە لەسەر گەورەیی و پلەو پایەی بەرزی نییەت، هەر بۆیە بانگەوازكاران و بگرە سەرجەم موسڵمانان پێویستیان بە پاككردنەوەی نییەتیان هەیە، چونكە ئەگەر نییەت چاك و باش بوو ئەوە ئەو بەندەیە پاداشتێكی زۆرو گەورە وەردەگرێت ئەگەر نەتوانێت هەندێ جار كردەوەی چاكەش بكات، چونكە نییەتێكی ڕاست و باشی هەبووە، هەربۆیە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: « إذا مَرِضَ العَبدُ أو سافَرَ كُتِبَ لَهُ مِثل ما كانَ يَعمَلُ مُقيمًا صَحيحًا » [11].

واتە: هەر كاتێك بەندەیەكی موسڵمان نەخۆش كەوت یان گەشتێكی كرد (نەیدەتوانی هەندێ لە عیبادەتەكان بكات، سوننەتەكان نەك فەرزەكان)* ئەوە خێرو پاداشتی بۆ دەنوسرێت بە وێنەی كردنی ئەو كردەوە چاكانەی كە لە كاتی لەش ساغی و لە ماڵی خۆی یان شوێنی خۆیدا بووە و كردوویەتی.

---

[11] البخاري، كتاب الجهاد والسير، بابٌ: يكتب للمسافر ما كان يعمل في الإقامة ٤/٢٠٠، برقم ٢٩٩٦.

* **بڕوانە:** فتح الباري بشرح صحيح البخاري لإبن حجر العسقلاني (٦/١٣٧).

**وە هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:** « ما مِن امرئٍ تَكونُ لَهُ صَلاةٌ بِلَيلٍ فَيَغلِبُهُ عَلَيها نَومٌ إلاّ كُتِبَ لَهُ أجرُ صَلاتِهِ وَكانَ نَومُهُ عَلَيهِ صَدَقَة »[١٢].

**واتە: هیچ بەندەیەكی موسڵمان نییە كە شەو نوێژی هەبێت (بەردەوام شەوانە شەو نوێژ دەكات)، بەڵام جاری وا هەیە شەوێك بە خەبەر نایات بۆ كردنی شەو نوێژەكەی ئیللا خوای پەروەردگار خێرو پاداشتی ئەو شەو نوێژەی بۆ دەنوسرێت و خەوەكەشی دەبێتە خێر بۆی (ئەمەش پاداشتی نییەتە باشەكەیەتی).**

**وە هەروەها فەرموویەتی:** « مَن تَوَضَّأَ فَأحسَنَ الوُضوءَ ثُمَّ خَرَجَ إلى المَسجِدِ فَوَجَدَ الناسَ قَد صَلّوا، أعطاهُ اللهُ مِثلَ أجرِ مَن صَلّى وَحَضَرَ لا يَنقُصُ ذلكَ مِن أجرِهِ شَيئًا »[١٣].

**واتە: هەر موسڵمانێك دەست نوێژ بگرێت، جوانترین و باشترین دەست نوێژ، پاشان دەربچێت و بڕوات بۆ مزگەوت بۆ كردنی نوێژ بە جەماعەت، بەڵام بینیتی موسڵمانان نوێژیان تەواو كردووە (نوێژی جەماعەت تەواو بووە) ئەو كاتە خوای پەروەردگار خێرو پاداشتی پێ ئەبەخشێت بە وێنەی خێرو پاداشتی ئەو موسڵمانەی كە ئامادەی جەماعەت بووەو بە جەماعەت نوێژی**

---

[١٢] أبوداود، كتاب الصلاة، باب من نوى القيام فنام، ٢/٢٤، برقم ١٣١٤. والنسائي، كتاب قيام الليل، وتطوع النهار، باب من كان له صلاة بليل فغلبه عليها نوم، ٣/٢٧٥، برقم ١٧٨٤. وصححه الألباني في إرواء الغليل ٢/٢٠٤، وصحيح الجامع ٥/١٦٠ برقم ٥٥٦٧.

[١٣] أبو داود، كتاب الصلاة، باب فيمن خرج يريد الصلاة فسبق بها، ١/١٥٤، برقم ٥٦٤. والنسائي، كتاب الإمامة، باب حد إدراك الجماعة، ٢/١١١، برقم ٨٥٥. وقال ابن حجر في فتح الباري: "إسناده قوي"، ٦/١٣٧.

کردووه، بێ ئەوەی هیچ لە خێرو پاداشتی کەم بێت.

**وە هەروەها فەرموویەتی:** « مَن سَألَ اللهَ الشَّهادَةَ بِصِدقٍ بَلَّغَهُ اللهُ مَنازِلَ الشُّهَداءَ وإن مَاتَ عَلى فِراشِهِ »[١٤].

**واتە: هەر موسڵمانێك لە دڵەوە و بە نییەتێکی باشەوەو بەڕاستی داوای شەهیدی بکات لە خوای پەروەردگار، ئەوە خوای پەروەردگار پلەی دەگەیەنێت بە پلەی شەهیدان ئەگەر لەماڵەوە و لە سەر جێگای خۆشی بمرێت.**

**هەموو ئەمانە بەڵگەن لەسەر فەزڵ و گەورەیی و چاکەی خوای پەروەردگار بەسەر موسڵمانانەوە، هەربۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێك دەچوون بۆ جەنگی (تَبوك) بە هاوەڵانی بەڕێزی فەرموو:** « لَقَد تَرَكتُم بالمَدينَةِ أقوامًا ما سِرتُم مَسيرًا وَلا أنفَقتُم مِن نَفَقَةٍ، وَلا قَطَعتُم مِن وادٍ إلاّ وَهُم مَعَكُم فيهِ، قالوا: يا رَسولَ اللهِ كَيفَ يَكونونَ مَعَنا وَهُم بِالمَدينَةِ؟ فَقال: "حَبَسهُمُ العُذرُ" »[١٥].

**واتە: بەڕاستی ئێوە (ئەی هاوەڵانم) لە شاری مەدینەدا هەندێ لە موسڵمانانتان بەجێ هێشتووە (کە ئاواتیان تێکۆشان و هاوەڵایەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووە، ئێوە هیچ هەنگاوێك نانێن، وە هیچ خێرو بەخششێك ناکەن، وە هیچ دۆڵ و شیوێك نابڕن ئیللا ئەوان بەشدارن لەو خێرەدا لەگەڵ ئێوەدا، هاوەڵانی بەڕێزی فەرموویان: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) چۆن بەشدارن لە گەڵ ئێمەدا**

---

(١٤) مسلم، كتاب الإمارة، باب استحباب طلب الشهادة في سبيل الله تعالى، ١٥١٧/٣، برقم ١٩٠٩.

(١٥) البخاري، كتاب الجهاد والسير، باب من حبسه العذر عن الغزو ٢٨٠/٣، برقم ٢٨٣٩، وأبو داود، كتاب الجهاد، باب الرخصة في القعود من العذر ١٢/٣، برقم ٢٠٥٨، واللفظ له.

لەو هەموو خێرو پاداشتە لە کاتێکدا ئەوان لە شاری مەدینەدان، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: عوزریان هەبووە تا نەیەن بۆ جیهاد کردن (نەخۆشی ڕێگریانی لێ کردووە تا نەتوانن بێن بۆ تێکۆشان لە ڕێی خوای پەروەردگاردا).

وە هەر بە هۆی نییەتی باشەوەیە کردەوەی کەم چەندین جار زیاد و زۆر دەبێت، بۆیە جارێکیان پیاوێك خۆی پۆشیبوو بە ئاسن (جل و بەرگی جەنگی لەبەر کردبوو) هات بۆلای پێغەمبەرو (ﷺ) ووتی: « أقاتلُ أو أسلم؟ فَقالَ ﷺ: "أسلِم ثُمَّ قاتِل"، فأسلَم ثُمَّ قاتَلَ فَقُتِلَ، فقالَ رَسولُ اللهِ ﷺ: "عَمِلَ قَليلاً وَأجر كَثيراً » [١٦].

واتە: بجەنگم یان موسڵمان بم؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: موسڵمان بە لە پێشدا و پاشان بجەنگە، بۆیە ئەو پیاوە موسڵمان بوو و پاشان جەنگا لە پێناو خوای پەروەردگاردا تا شەهید بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: کردەوەی کەم کرد و پاداشتی زۆری وەرگرت.

وە جارێکیان پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) موسڵمان بوو، پێغەمبەریش (ﷺ) بە ڕێگادا دەڕۆیشت و بەردەوام ئیسلامەتی فێر دەکرد، ئەوە بوو قاچی وشترەکەی ئەو هاوەڵە بەڕێزە کەوتە ناو چاڵێکەوەو ئەو هاوەڵە بەڕێزە(رضي الله عنه) کەوتە ژێر پێیەوە و مرد ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: « عَمِلَ قَليلاً وَأجر كَثيرًا » [١٧].

---

[١٦] مسند الإمام أحمد ٣٥٧/٤.

[١٧] متفق عليه من حديث أبي مسعود رضي الله عنه: البخاري، كتاب الإيمان، باب ما جاء أن الأعمال بالنية والحسبة ولكل امرئ ما نوى، ٢٤/١، برقم ٥٥. ومسلم، كتاب الزكاة، باب فضل النفقة والصدقة على الأقربين، والزوج والأولاد، ٦٢٥/٢، برقم ١٠٠٢.

واتە: كردەوەی كەم كردوو پاداشتی زۆری وەرگرت.

وە هەر بەهۆی نییەتی باش و چاكەوەیە خوای پەروەردگار خێرو بەرەكەت دەخاتە كاری حەڵاڵی دونیایی موسڵمان و پاداشتی چاكەی دەداتەوە لەسەری، هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: « إذا أنفَقَ الرَّجُلُ عَلى أهلِهِ يَحتَسِبُها فَهُو لَهُ صَدَقَةٌ » (١٨).

واتە: ئەگەر پیاوێكی موسڵمان مەسرەفی ماڵ و منداڵی خۆی كرد (كە پێویستە لەسەری بە خێویان بكات) بە نییەتی ئەوەی خوای پەروەردگار خێری بۆ بنوسێت، ئەوە دابین كردنی بژێوی ژیانی ماڵ و منداڵی دەبێتە خێر بۆی.

وە هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) بە هاوەڵی بەڕێزی سَعدِ كوڕی أبي وَقاصي (رضي الله عنه) فەرموو: « إنَّكَ لَن تُنفِقَ نَفَقَةً تَبتَغِي بِها وَجهَ اللهِ إلاّ أُجِّرتَ عَلَيها حَتّى ما تَجعَلُ في فِيِّ امرَأَتِكَ » (١٩) .

واتە: ئەی سەعد تۆ هیچ خەرجیەك ناكەیت كە مەبەستت پێی ڕازی خوای پەروەردگار بێت ئیللا پاداشتت بۆ دەنوسرێت لەسەری، هەتا ئەوەی كە بۆ ماڵ و منداڵی خۆتی دەكەیت (دەیكەیتە خەرجی خێزان و منداڵەكانت).

وە هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: « إنَّما الدُّنيا لِأربَعَةِ نَفَرٍ: عَبدٍ رَزَقَهُ اللهُ مالاً وَعِلمًا فَهُو يَتَّقي فِيهِ رَبَّهُ، وَيَصِلُ فِيهِ رَحِمَهُ وَيَعلَمُ للهِ فِيهِ حَقًّا فَهذا بِأفضَلِ

---

(١٨) متفق عليه: البخاري، كتاب الإيمان، باب ما جاء أن الأعمال بالنية، ٢٤/١، برقم ٥٦. ومسلم، كتاب الوصية، باب الوصية بالثلث، ١٢٥٠/٣، برقم ١٦٢٨.

(١٩) الترمذي، كتاب الزهد، باب ما جاء مثل الدنيا مثل أربعة نفر، ٥٦٢/٤، برقم ٢٣٢٥، وابن ماجه، كتاب الزهد، باب النية، برقم ٤٢٢٨، وأحمد ١٣٠/٤، وصححه الألباني، في صحيح الترمذي ٢٧٠/٢.

المَنازِلِ، وعَبد رَزَقَهُ اللهُ علمًا ولَم يرزُقهُ مالاً فَهُو صادقُ النِّيَّة يَقولُ: لَو أنَّ لي مــالاً لَعَملتُ فيهِ بعَمَلِ فُلانٍ فَهُو بنيــتّه فَأجرُهُما سَواء، وَعَبد رَزَقَهُ اللهُ مالاً وَلَم يَرزُقــه علمًا فَهُو يَخبطُ في مالهِ بغَيرِ علمٍ، لا يَتَّقي فيهِ رَبَّهُ وَلا يَصِلُ فيه رَحِمَهُ، وَلا يَعلَمُ للهِ فيهِ حَقًّا فَهوَ بأخبَثِ المَنازِلِ، وَعَبد لَم يَرزُقهُ اللهُ مالاً وَلا علمًا، فَهوَ يَقولُ: لَــو أنَّ لِي مالاً لَعَمِلتُ فِيهِ بعَمَلِ فُلانٍ، فَهُوَ بنــيــتّه، فَوزرُهُما سَواء »[٢٠].

**واتە: بەڕاستی حاڵی خەڵکی لە ژیانی دونیادا لەسەر شێوەی چوار کەسە:**

**یەکەم:** بەندەیەك خوای پەروەردگار ماڵ و زانیارییەکی پێبەخشیوە (ماڵێکی حەڵاڵ و زانیارییەکی بە سوود) ئەو بەندەیە لە خوا ئەترسێت لە ڕووی سەرف کردنی ماڵەکەی و بە کار هێنانی زانیارییەکەی، وە بە هۆی ئەو ماڵ و زانیارییەوە سەردان و هاتوو چۆی کەس و کارو خزمەکانی ئەکات، وە بەتەواوی دەزانێت مافی خوای پەروەردگار چییە لەو ماڵ و زانیاریەدا، ئەو بەندەیەی کە باسکرا بەو شێوەیە بەرزترین پلەو مەنزڵگای هەیە لای خوای پەروەردگار.

**دووەم:** بەندەیەك خوای پەروەردگار عیلم و زانیارییەکی بە سودی پێ بەخشیوە، بەڵام ماڵێکی زۆری پێ نەبەخشیوە تا بتوانێت خێرو چاکەی زۆری پێوە بکات، نییەتێکی ڕاستگۆیانەو باشی هەیە، بۆیە لە نێوان خۆی و خوای پەروەردگاردا دەڵێت: خۆزگە ماڵێکی زۆرم هەبوایە تا منیش خێرو چاکەم بکردایە بە وێنەی فلانە کەس (کە ماڵەکەی لە ڕێی چاکەدا سەرف دەکات)،

---

[٢٠] متفق عليه من حديث ابن عباس رضي الله عنهما: البخاري، كتاب الرقاق، باب من هم بحسنة أو سيئة، ٢٣٩/٧، برقم ٦٤٩١، ومسلم، كتاب الإيمان، باب إذا همّ العبد بحسنة كتبت له وإذا همّ بسيئة لم تكتب، ١١٧/١، برقم ١٣١.

ئەم بەندەیە بەو نییەتە باش و چاك و ڕاستگۆیەی خێرو پاداشتی وەکو ئەو کەسە وایە کە ئەم ئاواتە خواز بووە وەکو ئەو ماڵی هەبێت و چاکەی پێوە بکات.

**سێیەم:** بەندەیەك خوای پەروەردگار ماڵێکی زۆری پێ بەخشیوە، بەڵام عیلم و زانیارییەکی بە سودی پێ نەبەخشیوە تا بتوانێت بە هۆیەوە خۆی لە حەرام و خراپەکاری بپارێزێت، بۆیە ئەم کەسە بە بێ عیلم و زانیاریەکی بە سود ماڵەکەی تەنها بۆ حەزو ئارەزووەکانی خۆی سەرف دەکات، ئەو بەندەیە لە خوا ناترسێت لە ڕووی سەرف کردنی ماڵەکەیەوە، وە سەردان و هاتوو چۆی کەس و کارو خزمەکانی ناکات، وە مافی خوای پەروەردگار نازانێت چییە لەو ماڵەی کە پێی بەخشیوە (برسیەکان تێر ناکات، بێ جل و بەرگەکان پۆشتە ناکات، یارمەتی نەبوون و هەژارەکان نادات)، ئەو بەندەیەی کە باسکرا بەو شێوەیە خراپترین و بێ نرخترین پلەی هەیە لای خوای پەروەردگار.

**چوارەم:** بەندەیەك خوای پەروەردگار نە ماڵێکی زۆری پێ بەخشیوە، وە نەعیلم و زانیارییەکی بەسودی پێ بەخشیوە، ئەم کەسە داماوە نە ماڵی زۆری هەیە و نە زانیاریش بەڵام دەڵێت: خۆزگە ماڵێکی زۆرم هەبوایە تا منیش بە وێنەی فلانە کەسم بکردایە (کە ماڵەکەی لە ڕێی خراپەدا سەرف دەکات)، ئەم بەندەیە بەو نییەتە خراپەی کە هەیەتی خراپەو تاوانی وەکو ئەو کەسە وایە کە ئەم ئاواتە خواز بووە وەکو ئەو ماڵی هەبێت و خراپەی پێوە بکات.

وە هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرمودەیەکی قودسیمان بۆ دەگێڕێتەوە لە خوای پەروەردگارەوە کە: ﴿إِنَّ اللَّهَ كَتَبَ الْحَسَنَاتِ وَالسَّيِّئَاتِ، ثُمَّ بَيَّنَ ذَلِكَ فَمَنْ

هَمَّ بِحَسَنَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا كَتَبَهَا اللَّهُ لَهُ عِنْدَهُ حَسَنَةً كَامِلَةً،...﴾[٢١]

واتە: خوای پەروەردگار بڕیاری بوونی خێرو چاكەو خراپەكانی داوە بە پێی عیلم و زانیاری خۆی، پاشان ئەوەی ڕوون كردۆتەوە (بۆ ئەو فریشتانەی كە كردەوەی مرۆڤەكان دەنوسن) هەر كەسێك نییەتی كردنی كردەوەیەكی چاكەی هەبێت بەڵام نەیكرد (بۆی نەكرا لەبەر ڕێگرێكی شەرعی) ئەوە خوای پەروەردگار لای خۆی بە خێرو چاكەیەكی تەواو بۆی دەنوسێت[٢٢].

---

(٢١) رواه البخاري (٦٤٩١) باب مَنْ هَمَّ بِحَسَنَةٍ أَوْ بِسَيِّئَةٍ (٣١)، ومسلم (٣٥٤) باب إِذَا هَمَّ الْعَبْدُ بِحَسَنَةٍ كُتِبَتْ وَإِذَا هَمَّ بِسَيِّئَةٍ لَمْ تُكْتَبْ. (٥٨)، واللفظ للبخاري.

(٢٢) **بڕوانە**: كتاب الإخلاص لحسين العوايشة، ص٦٤.

## باسی چوارەم: بەرو بووم و سودەکانی نییەت پاکی (الإخلاص)

١. خێرو بەرەکەتی دونیاو دواڕۆژ لە فەزڵ و گەورەیی بەرو بومەکانی نییەت پاکییە.

٢. دڵسۆزی و نییەت پاکی گەورەترین هۆکارە بۆ گیرابوون و وەرگیرانی کردەوەکان ئەگەر شوێن کەوتنی پێغەمبەری (ﷺ) لە گەڵدا بێت.

٣. بە دەست هێنانی خۆشەویستی خوای پەروەردگار و پاشان خۆشەویستی فریشتەکان، وە بڵاو بوونەوەی ناوت بە چاکە هەمووی لە بەروبوومی نییەت پاکییە (الإخلاص).

٤. نییەت پاکی بنچینەو بنەماو ناوەڕۆکی هەموو کردەوەیەکە.

٥. لەبەروو بوومی نییەت پاکی ئەوەیە: پاداشتی زۆرو گەورەت بۆ دەنوسرێت لە سەر کردەوەو پاڕانەوەی کەم.

٦. کەسی نییەت پاك و دڵسۆز خێرو پاداشتی بۆ دەنوسرێت لەسەر کردەوە حەڵاڵ و دونیاییەکان ئەگەر لە ئەنجامدانیاندا مەبەستی خوای پەروەردگار بێت.

٧. کەسی نییەت پاك و دڵسۆز خێرو پاداشتی بۆ دەنوسرێت لەسەر ئەو کردەوانەی کە نییەتی باش و ڕاستی هەبووە بیکات، ئەگەر نەشی کات (بە هۆی ڕێگرێکەوە).

٨. ئەگەر بەندەیەکی موسڵمان خەوی لێکەوت یان بیری چوو کردەوەیەکی چاکە بکات، ئەوە خێرو پاداشتی ئەو کردەوەیەی بۆ دەنوسرێت کە کاتی خۆی کردویەتی.

٩. ئەگەر بەندەیەکی موسڵمان نەخۆش کەوت یان گەشتێکی کرد، ئەوە بە

هـۆی دڵـسۆزی و نییـەت پاکیەکەیـەوە خێـرو پاداشـتی هـەموو ئـەو کـردەوە چاکانەی بۆ دەنوسرێت کە لە کاتی لەش ساغی و لـە مـاڵی خـۆی یـان شـوێنی خۆیدا بووە کردوویەتی.

١٠.خـوای پـەروەردگار ئـەم ئوممەتـە بـە هـۆی دڵـسۆزی و نییـەت پاکیـەوە سەردەخات.

١١. دڵسۆزی و نییەت پاکی هۆکارە بۆ ڕزگار بوون لە سزای دواڕۆژ.

١٢. لاچوون و نەمانی تـەنگ و چـەڵەمەی دونیـاو دواڕۆژ هـەمووی لەبـەروو بوومی دڵسۆزی و نییەت پاکییە بۆ خوای پەروەردگار.

١٣. بەرزی پلەو پایە لە دواڕۆژدا بـە هـۆی دڵـسۆزی و نییـەت پاکیـەوە بـە دەست دێت.

١٤. بوونی نییەت پاکی ڕزگار بوونی تێدایە لە گومڕایی و سەرلێشێواوی.

١٥. دڵسۆزی و نییەت پاکی هۆکارە بۆ زیاتر هیدایەت و ڕێنمونی.

١٦. بڵاو بوونەوەی ناوی موسڵمانێك لە ناو موسڵمانان و خەڵکیدا بـە باشـە و چاکە هەمووی لە بەرووبوومی دڵسۆزی و نییەت پاکییە.

١٧. دڵ ئارامی و هەست کردن بە بەختەوەری بە هۆی نییەت پاکیەوەیە.

١٨. جوان بوون و ڕازانەوەی ئیمان لە دڵی کەسی دڵـسۆزو نییـەت پـاك بـۆ خوای پەروەردگار.

١٩. بەدەست هێنانی هاوەڵایەتی کردنی کەسانی دڵسۆز و نییەت پاك.

٢٠. بەدەست هێنانی عاقیبەت خێری.

٢١. وەڵامدانەوە و گیرابوونی پاڕانەوە.

٢٢. بە دەست هێنانی نازو نیعمەت و موژدەی دڵخۆش کەر لە ناو گۆڕدا.

٢٣. چوونە ناو بە هەشت و ڕزگار بوون لە ئاگری دۆزەخ، هەموو ئەم بەرووبوومە چاك و بەسودانە بە هۆی ئیخلاصەوە بە دەست دێت.

هەموو ئەم بەرووبوومە چاك و بەسودانە بەڵگەیان لە قورئانی پیرۆز و سوننەتدا زۆرە[٢٣].

داواکارم لە خوای پەروەردگار بۆ خۆم و سەرجەم موسڵمانان دڵسۆزی و نیازپاکیمان پێ ببەخشێت لە هەموو ووتەو کردەوەیەکدا.

---

[٢٣] **بڕوانە**: فتح المجيد ص٤٤٢، وتيسير العزيز الحميد ص٥٣٤.

## بەشی دووەم: تاریکییەکانی ویستی دونیا بەکاری دوا ڕۆژ

**باسی یەکەم: ترسناکی ویستی بەدەست هێنانی دونیا بە کردنی کاری چاکەی دواڕۆژ:**

یەکێك لە کارە زۆر ترسناکەکان ئەوەیە: کاتێك موسڵمانێك کارێکی چاکە دەکات، مەبەستی بەدەست هێنانی دونیا بێت، ئەم کارە شیرکەو پێچەوانەی خوا بە تەنها پەرستییە کە پێویستە موسڵمان هەیبێت، وە کردەوە چاکەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەم کارە گەورەترە (لە ڕووی تاوان و خراپەوە) لە ڕیا کردن، لەبەر ئەوەی کەسی دونیا ویست ویستی دونیا زاڵ بووە بەسەر زۆربەی کردەوەکانیدا، بەڵام ڕیا جاری وا هەیە ڕوو بە ڕووی موسڵمان دەبێتەوە لە هەندێك لە کردەوەکانی نەك هەمووی، وە مەرج نییە ئەو ڕیایە بەردەوام بێت، بۆیە موسڵمان دەبێت خۆی بپارێزێت لە هەردووکیان (ویستی دونیا بەکاری دوا ڕۆژ و ڕیا کردن).

**جیاوازی نێوان ڕیا و ویستی دونیا بەکاری دوا ڕۆژ ئەوەیە:** لە نێوانیاندا گشتی و تایبەتمەندی تێدایە، لەوەدا کۆ دەبنەوە کاتێك موسڵمان کارێکی چاکە دەکات جوانی دەکات و دەیڕازێنێتەوە لەبەر چاوی خەڵکی، بۆ ئەوەی خەڵکی بیبینن و بە گەورەی بزانن و باسی بکەن بە چاکە، ئەم کارە ڕیایە وە دونیا ویستییە، لەبەر ئەوەی خۆی دەردەخات لەبەر چاوی خەڵکی، وە داوای ڕێزو پیاهەڵدان و ستایش دەکات لە خەڵکی.

بەڵام کار کردن بۆ بەدەست هێنانی دونیا ئەوەیە: کاتێك موسڵمانێك (کەسێك) کارێکی چاکە دەکات مەبەستی پێی خۆدەرخستن و ڕیا نییە، بەڵکو مەبەستی پێی بەدەست هێنانی دونیایە، بۆ نمونە: کەسێك حەج بۆ کەسێکی

تر دەکات (بَدَل الحَج) تەنها مەبەستی بەدەست هێنانی پارەو ماڵە، یان کەسێك جیهاد دەکات بە نییەتی دەست کەوتنی ماڵ و غەنیمەت، یان جگە لە م کارانە.

موسڵمانی خۆشەویست لێرەدا ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە: کەسی ڕیاباز ئەو کەسەیە کردەوەی چاکە دەکات بۆ بەدەست هێنانی ڕێزو پیاهەڵدان و ستایشی خەڵکی، بەڵام کار کردن بۆ بەدەست هێنانی دونیا ئەوەیە: موسڵمانێك (کەسێك) کارێکی چاکە دەکات مەبەستی پێی بەدەست هێنانی دونیایە، لە کاتێکدا هەردوو لایان خەسارە و مەندن، پەنا دەگرین بە خوای پەروەردگار لە هەموو هۆکارێك کە دەبێتە مایەی تورە بوون و سزای بە ئێشی[٢٤].

بۆیە چەندین دەقی پیرۆز هاتووە لەسەر ئەوەی کە کەسانی تەنها دونیا ویست و ڕیاباز زەرەرمەندن لە دونیاو دواڕۆژدا، هەروەك خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَٰلَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ ﴿١٥﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ إِلَّا ٱلنَّارُ ۖ وَحَبِطَ مَا صَنَعُواْ فِيهَا وَبَٰطِلٌ مَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿١٦﴾ ﴾ (هود: ١٥-١٦).

واتە: هەرکەسێك لە ژیانی دونیادا تەنها مەبەست و هەوڵ و کۆششی دونیاو جوانیەکانی بێت، ئەوە ئێمە لەدونیادا ئاوات و مەبەستەکانی ئەدەینێ "بە ئەندازەی ویستی خۆمان کە بڕیارمان لەسەر داوە نەك بەمەبەست وهەڵپەو هەموو ئاواتەکانی خۆیان" وە لە دونیادا بەرهەمی ڕەنجی خۆیان وەرئەگرن،

(٢٤) أبو داود، كتاب العلم، باب: في طلب العلم لغير الله، ٣٢٣/٣، برقم ٣٦٦٤، وابن ماجه، في المقدمة، باب الانتفاع بالعلم، ٩٣/١، برقم ٢٥٢، وصححه الألباني في صحيح سنن ابن ماجه، ٤٨/١.

وەلە دواڕۆژدا هیچ پاداشتی چاکەیان نادرێتەوە، وەهیچ خۆشی و ئیسراحەتیان بۆ نییە تەنها ئاگری دۆزەخ نەبێت، وە ئەو کردەوانەی لە دونیادا ئەیان کرد هەمووی پوچەڵە و وەرنەگیراوە لای خوای پەروەردگار، چونکە بۆ خوای پەروەردگاریان نەکردوەو مەبەستیان ڕازی بوونی ئەو نەبووە.

وە هەروەها فەرموویەتی: ﴿مَّن كَانَ يُرِيدُ ٱلْعَاجِلَةَ عَجَّلْنَا لَهُۥ فِيهَا مَا نَشَآءُ لِمَن نُّرِيدُ ثُمَّ جَعَلْنَا لَهُۥ جَهَنَّمَ يَصْلَىٰهَا مَذْمُومًا مَّدْحُورًا ﴿١٨﴾﴾ (الإسراء: ١٨).

واتە: هەر کەسێك مەبەستی تەنها دونیا بێت (لە کاتێکدا زۆر زوو بەسەر دەچێت) ئەوە ئێمە (بە ئارەزووی کەس ناکەین) بەڵکو هەرچییەکمان بوێت و بە ویستی خۆمان و بە هەر کەسێك کە ویستمان لێبێت دەیبەخشین، پاشان لەدواڕۆژدا ئەو جۆرە کەسانە (دونیا ویستان) دەخەینە ناو ئاگری دۆزەخەوە، بەسەر زەنشت کراوی ڕاونراوییەوە (بەردەوام فریشتەکان ئێش دەکەن بە لاشەو دڵیانداو نایەڵن پشوو بدەن).

وە هەروەها فەرموویەتی: ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ ٱلْأَخِرَةِ نَزِدْ لَهُۥ فِى حَرْثِهِۦ وَمَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ ٱلدُّنْيَا نُؤْتِهِۦ مِنْهَا وَمَا لَهُۥ فِى ٱلْأَخِرَةِ مِن نَّصِيبٍ ﴿٢٠﴾﴾ (الشورى: ٢٠)

واتە: هەر کەسێك بەرهەم و خێرو پاداشتی دواڕۆژی دەوێت و لە دونیادا کاری چاکەی بۆ دەکات، ئەوە ئێمە هەوڵ و کۆششەکەی بە زیادەوە پێدەبەخشن، وە هەر کەسێك کە تەنها ویستی دونیایەو دونیای دەوێت، ئەوە ئێمە هەندێك لە دونیای پێدەبەخشین، بەڵام لە دواڕۆژدا هیچ بەشێکی نییە (لە نازو نیعمەت و خۆشیەکانی بەهەشت).

وە هەروەها فەرموویەتی: ﴿فَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِى ٱلدُّنْيَا

﴿وَمَا لَهُۥ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنْ خَلَـٰقٍ ﴿٢٠٠﴾﴾ (البقرة: ٢٠٠).

**واتـە: هەنـدێك لـە خـەڵكی هەیـە كـە دەڵێـت: ئـەی پـەروەردگار هەرچـیمان پێدەبەخشیت لە دونیادا پێمـان ببەخـشە (تـەنها داوای دونیـا دەكـەن و دونیـا ویستن)، بێگومان ئەو جۆرە كەسانە لە دواڕۆژدا هیچ بەشێكیان نییە.**

**وە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەفـەرموێت:** « مَن تَعَلَّمَ عِلمًا مِمَّا يُبتَغى بِهِ وَجه اللهِ عَزَّ وَجَلّ لا يَتَعَلَّمُهُ إلاّ لِيُصِيبَ بِهِ عَرَضاً مِنَ الدُّنيا لَم يَجِد عَرفَ الجَنَّة يَومَ القيامَـــةِ" يَعني: رِيحَها" » [٢٥] .

**واتە: هەر كەسێك عیلم و زانیاریەك فێر ببێت (لەو زانیاریانەی كـە فێربـوونی تەنها دەبێت بۆ ڕازی بوونی خوای پـەروەردگار بێـت، زانـستی شـەرعی) هـەوڵ نادات فێری ببێت تەنها بـۆ ئـەوەی هەنـدێك لـە دونیـای دەسـت بكـەوێت، ئـەو كەسەی كە ئەوە حاڵێتی بـە هـیچ شـێوەك بـۆنی بەهەشـت ناكـات لـە دواڕۆژدا (ناچێتە بەهەشتەوە).**

**وە هـــاوەڵی بـــەڕێزی پێغەمبـــەر (ﷺ) جـــابری كـــوڕی عبـــدالله (رضي الله عنه) فەرمودەیەكمان لە پێغەمبـەرەوە (ﷺ) بـۆ دەگێڕێتـەوە كـە فەرموویـەتی:** « لا تَعَلَّمُوا العِلمَ لِتُباهُوا بِهِ العُلَماءَ، وَلا لِتُمارُوا بِهِ السُّفَهاءَ، وَلا لِتَخَيَّروا بِهِ المَجالِسَ، فَمَن فَعَلَ ذلكَ فَالنّارَ النّارَ » [٢٦].

---

[٢٥] ابن ماجه ٩٣/١، في المقدمة، باب الانتفاع بالعلم والعمل به، ٩٣/١، برقم ٢٥٤، وصححه الألباني في صحيح سنن ابن ماجه، ٤٨/١، وصحيح الترغيب للألباني ٤٦/١، وفي الموضعين أحاديث أخرى.

[٢٦] الدرامي ٧٠/١ موقوفًا، وابن ماجه عن أبي هريرة، في المقدمة، باب الانتفاع بالعلم والعمـــل بـــه، ٩٦/١، برقم ٢٦٠، وحسنه الألباني في صحيح ابن ماجه ٤٨/١، وصحيح الترغيب والترهيب ٤٨/١.

واتـە: هـەوڵ مـەدەن فێـری عـیلم و زانیـاری (شـەرعی بـبن) بـۆ خـۆ ڕادان و شانازی کردن بەسەر زانایاندا، وە بۆ دەمە دەمـێ و موناقەشـە کـردن لـە گـەڵ کەسانی نەفام و نەزاندا تا گومانیان بۆ دروست بکەن، وە هەوڵ مـەدەن فێـری عیلم و زانیاری بن بۆ هەڵبژاردنی دانیشتگاکان (بۆ ئەوەی بەردەوام لەسـەرووی خەڵکەوە بیت یان زیاتر ڕێز لێگیراو بیت لە دانیـشتگاکاندا)، هـەر کەسـێك ئـەو کارە بکات (عیلم و زانیاری شەرعی فێر بێت بە مەبەستی یەکێك لەو سێ کارە) ئەوە بێگومان ئاگری بۆ هەیە، ئاگری بۆ هەیە.

وە هاوەڵی بـەڕێزی پێغەمبـەر (ﷺ) عبدالله کـوڕی مسعود (رضي الله عنه) دەفـەرموێت: پێغەمبەر (ﷺ)فەرموویەتی: « لا تَعَلَّمُوا العلمَ لِثَلاثٍ: لِتُمارُوا بِهِ السُّفَهاءَ، وتجادلوا بِهِ العُلَماءَ، وَلِتُصرِفُوا بِهِ وُجُوهَ النّاسِ إِلَيكُم، وَابتَغُوا بِقَولِكُم ما عِندَ اللهِ؛ فإنَّهُ يَدومُ وَيَبقى وَيَنفذ ما سِواهُ »[٢٧].

واتە: عیلم و زانیاری شەرعی فێر مەبن بۆ دەمە دەمێ و موناقەشە کردن لـە گەڵ کەسانی نەفام و نەزاندا تا گومانیان بۆ دروست بکەن، یان بـۆ مـشت ومڕ کردن لە گەڵ زانایاندا، یان بـۆ ئـەوەی سـەرنج و ڕووی خـەڵکی بـۆ لای خۆتـان ڕابکێشن، بەڵکو ئەو قسەو وتانەی کە دەیڵێن بـا تـەنها بـۆ ڕازی بـوونی خـوای پەروەردگار بێت، چونکە تەنها ئەوە بەردەوامـەو دەمێنێتـەوە، وە جگـە لـەوە هەمووی بەسەر چوو و بڕاوەیە.

---

[٢٧] الترمذي، كتاب صفة القيامة، بابٌ: حدثنا قتيبة، ٤/٦٤٢، برقم ٢٤٦٥، وابن ماجه بنحـوه مـن حديث زيد بن ثابت رضي الله عنه، كتاب الزهد، ٢/١٣٧٥، برقم ٤١٠٥، وصححه الألباني في صحيح الجامع ٥/٣٥١، والأحاديث الصحيحة ٩٥٠.

بۆیە خوای پەروەردگار وەعدی ژیان خۆشی و بەختەوەری داوە بەو كەسەی كە تەنها لەبەر ڕازی بوونی خوای پەروەردگار كردەوەی چاكە دەكات، هەروەك هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەر (ﷺ) أنسی كوڕی مالك (رضي الله عنه) فەرمودەیەكمان لەپێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆ دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: « مَن كانَتِ الآخِرَةُ هَمَّهُ جَعَلَ اللهُ غِناهُ في قَلبِهِ وَجَمَعَ لَهُ شَملَهُ، وَأَتَتهُ الدُّنيا وَهِي راغِمَة، وَمَن كانَت الدُّنيا هَمَّهُ جَعَلَ اللهُ فَقرَهُ بَينَ عَينَيهِ، وَفَرَّقَ عَلَيهِ شَملَهُ، وَلَم يَأتِهِ مِنَ الدُّنيا إلا ما قُدِّرَ لَهُ »[٢٨].

واتە: هەر كەسێك خەم و پەژارەو مەبەستی بە دەست هێنانی سەرفرازی و ڕزگاری دواڕۆژ بێت، ئەوە خوای پەروەردگار دەوڵەمەندی دەخاتە دڵییەوە، وە كارو بارەكانی بۆ ڕێك و پێك دەكات، وە دونیا دێت بۆی لە كاتێكدا زۆر هەوڵی بۆ نەداوەو وازی لێ هێناوە، وە هەر كەسێك خەم و پەژارەو مەبەستی تەنها بە دەست هێنانی دونیا بێت، ئەوە خوای پەروەردگار هەژاری و نەبوونی دەخاتە نێوان چاویەوە، وە كارو بارەكانی لەسەر گران و پەرش و بڵاوو ناڕێك دەكات، وە دونیا نایات بۆی تەنها ئەوەندە نەبێت كە بۆی بڕاوەتەوەو دیاری كراوە بۆی.

(٢٨) أخرجه ابن ماجه، كتاب الزهد، باب: الرياء والسمعة، ٢/١٤٠٦، برقم ٤٢٠٤، وحسنه الألباني في صحيح سنن ابن ماجه ٢/٤١٠.

## باسی دووەم: جۆری ئەو كارانەی كە بۆ بەدەست هێنانی دونیا دەكرێت

كردەوە كردن بۆ بەدەست هێنانی دونیا چەند جۆرێكی جیاوازی هەیە، زانای پایە بەرز محمدی كوڕی عبدالوهاب (ڕەحمەتی خوای لێبێت) باسی ئەوەی كردووە ئەوەی لە ووتەی زانایان هاتووە سەبارەت بە كردەوە كردن بۆ بەدەست هێنانی دونیا، چوار جۆری هەیە:

**جۆری یەكەم:** ئەو كردەوە چاكانەی كە زۆربەی موسڵمانان دەیكەن بۆ ڕەزامەندی خوای پەروەردگار: لە زەكات و نوێژو خێرو چاكەكردن لە گەڵ خەڵكیدا و گێڕانەوەی مافەكانیان ئەگەر لای بوو، وە هاوشێوەی ئەو كردەوانە كە موسڵمان دەیان كات، یان لەبەر خاتری خوای پەروەردگار واز لە خراپەیەك دێنێت، بەڵام بە ئومێدی پاداشتی دواڕۆژ نایان كات، بەڵكو بۆ ئەوەی كە خوای پەروەردگار خۆی و ماڵ و سەروەتەكەی بپارێزێت، یان كەس و كارەكەی بپارێزێت، یان بۆ ئەوەی خوای پەروەردگار بەردەوام نازو نیعمەتی بەسەردا بڕێژێت، هیچ مەبەستی بە دەست هێنانی بەهەشت نییە، یان هیچ مەبەستی ڕاكردن و ترسان لە دۆزەخ نییە، بۆیە ئەم جۆرە كەسە پاداشتی كردەوەكەی لە دونیادا دراوەتەوە بەڵام لە دواڕۆژدا هیچ بەشێكی نییە لە نازو نیعمەت و خۆشیەكانی بەهەشت، ئەمە لە هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەر (ﷺ) إبن عباس (رضي الله عنهما) گێڕدراوەتەوە.

**جۆری دووەم:** ئەم جۆرە زۆر گەورەترو ترسناكترە لە جۆری یەكەم، ئەویش ئەوەیە كەسێك كردەوەیەكی چاك دەكات، بەڵام مەبەست و نییەتی بۆ ئەوەیە

تا خەڵكی ببینن و بە باشە باسی بكەن، نەك مەبەستی بە دەست هێنانی سەرفرازی دواڕۆژ بێت، ئەم جۆرە لە زانای پایە بەرز مجاهد (ڕەحمەتی خوای لێبێت) گێڕدراوەتەوە.

**جۆری سێ یەم:** بەندەیەك كردەوەی چاكە دەكات مەبەستی پێی ماڵ و سامانە، بۆ نموونە: كەسێك حەج لە جیاتی كەسێكی تر دەكات (بدل الحج) تەنها مەبەستی بەدەست هێنانی پارەو ماڵە نەك ڕازی بوونی خوای پەروەردگار و بە دەست هێنانی سەرفرازی دواڕۆژ، یان كەسێك كۆچ دەكات بۆلای موسڵمانان بۆ دەست كەوتنی ماڵی دونیا، یان كەسێك جیهاد دەكات بە نییەتی دەست كەوتنی ماڵ و غەنیمەت، یان فێری عیلم و زانیاری دەبێت تەنها بۆ بەدەست هێنانی شەهادەو پلەو پایە بە هیچ شێوەیەك لە بە دەست هێنانی ئەو شەهادەیەدا نییەتی ڕازی بوونی خوای پەروەردگار نییە، یان كەسێك فێری قورئانی پیرۆز ببێت یان بەردەوام بێت لەسەر نوێژی جەماعەت لەبەر ئەوەی كارمەندێكی مزگەوتە، یان جگە لە م كارە خێرانە كە لە كاتی ئەنجامدانیاندا هیچ مەبەستی ڕازی بوونی خوای پەروەردگار نییە.

**جۆری چوارەم:** بەندەیەك كاری چاكە دەكات بە گوێڕایەڵی كردنی خوای پەروەردگار، وە دڵسۆزی و نییەت پاكی تێدایە بۆ خوای پەروەردگار "ئەو خوایەی كە هیچ هاوەڵ و شەریكی نییە" بەڵام لەسەر كارێكە ئەو كارە كوفری گەورەیەو لە ئیسلام پێی دەردەچێت، وەكو كەسێك یەكێك لە كارە هەڵوەشێنەرەوەكانی ئیسلام دەكات، چەندێ كاری چاكە دەكات هەمووی هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەمە لە هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەر (ﷺ) أنسی كوڕمالك (رضي الله عنه) و جگە لەویشەوە گێڕدراوەتەوە.

## باسی سێ یەم: ترسناکی و شوێنەواره خراپەکانی ڕیا

ڕیاکردن ترستناکیەکەی یەکجار زۆرو گەورەی هەیە لەسەر تاك و کۆمەڵ و ئوممەت بەگشتی، لە بەر ئەوەی کردەوە چاکەکان هەڵدەوەشێنێتەوە"پەنا دەگرین بە خوای پەروەردگار" ترسناکی زۆر گەورەی ڕیا لەم چەند خاڵەی لای خوارەوەدایە:

١. ڕیا زۆر ترسناکترە لەسەر موسڵمانان لە فیتنەو ئاشوبی مەسیحی دەججال، هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: « أَلاَ أُخْبِرُكُمْ بِمَا هُوَ أَخْوَفُ عَلَيْكُمْ عِنْدِى مِنَ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ، قُلْنَا: بَلَى، فَقَالَ: الشِّرْكُ الْخَفِيّ أَنْ يَقُومَ الرَّجُلُ يُصَلِّى فَيُزَيِّنُ صَلاَتَهُ لِمَا يَرَى مِنْ نَظَرِ رَجُلٍ »[٢٩].

واتە: ئایا هەواڵتان پێبدەم ئەی موسڵمانان بەو کارەی کە زۆر ترسناکترە لەسەر ئێوە بە لای منەوە لە فیتنەو ئاشوبی مەسیحی دەججال*؟ ووتمان بەڵێ: فەرمووی: ئەو کارە شیرکی شاراوە و نهێنی یە (ڕیا کردنە)، ئەویش

---

(٢٩) الترمذي، كتاب الزهد، بابٌ: حدثنا سويد، برقم ٢٣٧٦، ٤/٥٨٨، وأحمد ٣/٤٥٦، وصححه الألباني في صحيح سنن الترمذي ٢/٢٨٠.

* واتە: ڕیا ئەوەندە زۆروو شاراوەیە لە ناو ئوممەتی مندا، کات و شوێنی دیاری کراوی نییە، بۆیە لە فیتنەو ئاشوبی مەسیحی دەججال گەورەترە، چونکە دەرچونی دەججال کاتی دیاری کراوی هەیە و هەموو موسڵمانێك ناگرێتەوە، بەڵام ڕیا ئەوەندە شاراوەیەو کاتیشی بۆ نییە، وە ڕووبەڕووی زۆربەی هەرە زۆری موسڵمانان دەبێتەوە، بۆیە ترسناکترە لە فیتنەو ئاشوبی مەسیحی دەججال. بڕوانە: مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح: الملا على القاري (١٥/٢٦٢).

ئەوەیە: کاتێك موسڵمانێك نوێژ دەکات، نوێژەکەی دەڕازێنێتەوە و جوانی دەکات کاتێك هەست دەکات کەسێك دەیبینێت و سەیری دەکات.

٢. ڕیا زۆر لە ناو بەرتره لە گورگێك کاتێك لە ڕانە مەڕێك ئەدات، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: « ما ذِئبانِ جائِعانِ أُرسِلا فِي غَنَمٍ بِأفسَدَ مِن حِرصِ المَرءِ عَلى المالِ وَالشَّرَفِ لِدينِهِ » [٣٠].

واتە: دوو گورگی زۆر برسی وازیان لێبهێنرێت تا هەڵبکوتنە سەر ڕانە مەڕێك ترسناکترو خراپتر نین لە کەسێك کە زۆر سووره لەسەر کۆکردنەوەی ماڵی دونیا (ئەگەر بە حەرامیش بێت)، وە کەسێك ناوو باسی خۆی دەربکات بە هۆی دینەوە (دین بکاتە هۆکارێك بۆ دەرکەوتن و بەرز کردنەوەی خۆی، واتە: سوور بوونی کەسێك بۆ بە دەست هێنانی ئەم دوو کارە زۆر خراپترو تێکدەرترە لەو دوو گورگە برسییە کاتێك هەڵدەکوتنە سەر ڕانە مەڕێك).

موسڵمانی خۆشەویست ئەمە نمونەیەکە پێغەمبەر (ﷺ) هێناوێتیەوە ئەوەی تیا ڕوون کردۆتەوە: دین نامێنێت و خراپ دەبێت بە سوور بوونی موسڵمانێك لەسەر کۆکردنەوەی ماڵی دونیا، لەبەر ئەوەی ڕێگری لێ دەکات لە پەرستنی خوای پەروەردگار، دین نامێنێت و خراپ دەبێت بە سوور بوونی موسڵمانێك لەسەر دەرکردنی ناوو باسی خۆی بە هۆی دینەوە، واتە: لە دینداری و عیبادەت کردندا مەبەستی ڕیا و ناو دەرکردنە.

٣. ترسناکی ڕیا زۆر گەورەیە لەسەر کردەوە چاکەکان، لەبەر ئەوەی ڕیا بەرەکەتی کردەوە چاکەکان ناهێڵێت و بەتاڵی دەکاتەوە "پەنا بە خوای

---

[٣٠] رواه مسلم، كتاب الزهد، باب: من أشرك في عمله غير الله ٢٢٨٩/٤، برقم ٢٩٨٥.

پەروەردگار" خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُبۡطِلُواْ صَدَقَٰتِكُم بِٱلۡمَنِّ وَٱلۡأَذَىٰ كَٱلَّذِي يُنفِقُ مَالَهُۥ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَلَا يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۖ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ صَفۡوَانٍ عَلَيۡهِ تُرَابٞ فَأَصَابَهُۥ وَابِلٞ فَتَرَكَهُۥ صَلۡدٗاۖ لَّا يَقۡدِرُونَ عَلَىٰ شَيۡءٖ مِّمَّا كَسَبُواْۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٢٦٤ ﴾ (البقرة: ٢٦٤).

واتە: ئەی ئیمانداران نەکەن خێرو پاداشتی چاکەکانتان پوچ و بەتاڵ بکەنەوە بە منەت کردن و ئازاردانی دڵی هەژاران، وەکو ئەو کەسەی کە ماڵ و سامانی خۆی ئەبەخشێت لەبەر چاوی خەڵکی بۆ خۆ دەرخستن و ڕیاکردن، باوەڕی تەواوی بە خوای پەروەردگار و ڕۆژی دوایی نییە، جا نمونەی ئەو کەسانە بە وێنەی بەردێکی ساف وایە کە خۆڵێکی بەسەرەوە بێت و بارانێکی بە لێزمەی بەسەردا ببارێت و هیچی بەسەرەوە نەهێڵێت و بەڕەق و تەقی بیهێڵێتەوە حەقیقەتی دەربکەوێت (ئینجا ئەو جۆرە ڕیابازو منەتبارانە) هیچ جۆرە شتێکیان دەست ناکەوێت لەوەی کە بەخشیویانە، بێگومان خوای پەروەردگار ڕێنمونی کەسانی بێباوەڕ و کافران ناکات (بە هۆی خراپەو تاوانی خۆیانەوە).

موسڵمانی خۆشەویست ئەوەیە شوێنەواری خراپی ڕیا کە بەرەکەت و پاداشتی کردەوە چاکەکان ناهێڵێت و بەتاڵی دەکاتەوە، لە کاتێکدا خاوەنەکەی هیچ تواناو دەسەڵات و پشتیوانی نییە و ناتوانی بیگێڕێتەوە (واتە: خێرو پاداشتی کردەوە چاکەکانی).

وەخوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ أَيَوَدُّ أَحَدُكُمۡ أَن تَكُونَ لَهُۥ جَنَّةٞ مِّن نَّخِيلٖ وَأَعۡنَابٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ لَهُۥ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ وَأَصَابَهُ ٱلۡكِبَرُ وَلَهُۥ ذُرِّيَّةٞ

ضُعَفَآءُ فَأَصَابَهَآ إِعْصَارٌ فِيهِ نَارٌ فَٱحْتَرَقَتْ ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ ﴿٢٦٦﴾ ﴾ (البقرة: ٢٦٦).

واتە: ئایا هیچ كەس لە ئێوە حەز دەكات باخێكی هەبێت پێك هاتبێت لە دار خورما و جۆرەها ڕەزە ترێ و چەند جۆگەو ڕوبارێك بەژێر درەختەكانیدا بڕوات بۆ خاوەنەكەی، لە كاتێكدا خاوەنەكەی تووشی پیری بوبێت و چەند نەوەو منداڵێكی لاوازی هەبێت، كەچی لەناكاو گەردەلولێك گڕوگەرمیەكی بەهێزی تێدا بێت هەڵكو تێتە سەری و یەكسەر بیسوتێنێت؟! (بەڕاستی ئەمە زۆر جێی داخ و نیگەرانییە، چونكە نە خۆی لەبەر پیری، نە منداڵی لەبەر بێهێزی ناتوانن باخەكە ئاوەدان بكەنەوە)، ئا بەو شێوەیە خوای پەروەردگار ئایەت و بەڵگەو نیشانەی خۆی دەخاتە پێش چاوتان و ڕوونی دەكاتەوە بۆ ئەوەی تێبفكرن و بیربكەنەوە (خۆتان مایە پوچ و ڕەنج بە خەسار نەكەن، كردەوەكانتان بە ڕیاكردن بە تاڵ مەكەنەوە).

موسڵمانی خۆشەویست ئاگاداربە و باش بزانە كە كردەوە چاكەكان لە بنەڕەتدا، وەكو باخێكی زۆر گەورە وایە كە پڕ بێت لە دارو درەخت و میوەی جوان و بەتام، ئایا كەس حەز دەكات ئەو بەرو بووم و باخە زۆر گەورە و پڕ لە دارو درەخت و میوە جوان و بەتامەی هەبێت، پاشان ڕیا لێی بدات و بیبات و پوچەڵی بكاتەوە، لە كاتێكدا ئەوپەڕی پێویستی پێیەتی.

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمودەیەكی قودسیمان لە خوای پەروەردگارەوە بۆ دەگێڕێتەوە، كە خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿أنا أغنى الشُّرَكاءِ عَنِ الشِّرْكِ،

مَن عَمِلَ عَمَلاً أشرَكَ مَعِيَ فِيهِ غَيرِي تَرَكتُهُ وَشِركَهُ﴾[٣١].

واتــە: مـن (خـوای پـەروەردگار) لـە هـەموو خـاوەن شـەریك و هاوەڵداران دەوڵەمەن ترم (واتە: من دەوڵەمەندم و پێویستم بە شەریك و هاوەڵ نییە) بۆیە هەرکەسێك کردەوەیەك بۆ من ئەنجام بدات و کەسێکی تـری تیـا شـەریك بکـات (ڕیا بکات) ئەوە واز لەو کردەوەیە دێنم بۆ ئەو کەسەی کە ئەنجامی داوە بۆی، واتــە: کـردەوەی ڕیابـاز پـوچ و بەتاڵـە و هـیچ پاداشـتی تێـدا نییــە، بـەڵکو تاوانباریشە)*، بۆیە هەر کەسێك کردەوەیەکی چاکە بکات و هاوەڵ بڕیـار بـدات بـۆ مـن لـەو کردەوەیـەدا ئـەوە واز لـەو کردەوەیـە دێـنم بـۆ ئـەو کەسـەی کـە ئەنجامی داوە بۆی.

وە لە فەرمودەیەکی تردا پێغەمبـەر (ﷺ) دەفـەرموێت: « إذا جَمَعَ اللهُ الأوَّلِينَ وَالآخِرِينَ لِيَومِ القِيامَةِ، لِيَومٍ لا رَيبَ فِيهِ نادى مُنادٍ: مَن كانَ أشرَكَ فِي عَمَلٍ عَمِلَهُ للهِ أحدًا فَلْيَطلُب ثَوابَهُ مِن عِندِ غَيرِ اللهِ، فإنَّ اللهَ أغنى الشُّرَكاءِ عَنِ الشِّركِ »[٣٢].

واتە: کاتێك خوای پەروەردگار سەرەتاو کۆتایی دروسـت کراوەکـانی زینـدوو دەکاتەوە و کۆیان دەکاتەوە لە دوارۆژدا "بۆ ڕۆژێك کە هیچ گومانی تێـدا نییـە دێـت" بـانگ کـەرێك بـانگ دەکـات و دەفـەرموێت: هەرکەسـێك لـە دونیـادا

---

[٣١] الترمذي، كتاب تفسير القرآن، بابٌ: ومن سورة الكهف، ٥/٣١٤، برقم ٣١٥٤، من حديث أبي سعد بن أبي فضالة الأنصاري رضي الله عنه، وابن ماجه، كتاب الزهد، باب الرياء والسمعة، ٢/١٤٠٦، برقم ٤٢٠٣، وحسنه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب ١/١٨، وفي صحيح الترمذي ٣/٧٤.

* **بڕوانە**: شرح النووي على مسلم، باب: من أشرك في عمله غير الله، (٣٧٠/٩/٥٣٠٠)،

[٣٢] رواه مسلم في صحيحه، كتاب الإمارة، باب من قاتل للرياء والسمعة استحق النار، ٣/١٥١٤، برقم ١٩٠٥.

كردەوەیەكی چاكەی بۆ خوای پەروەردگار كردبێت و شەریكی بۆ خوای پەروەردگار بڕیار دابێت بۆی (ڕیای كردبێت تێیدا) ئەوە با بچێت پاداشتی كردەوەكەی لای جگە لە خوای پەروەردگار وەربگرێت، خوای پەروەردگار لە هەموو خاوەن شەریك و هاوەڵداران دەوڵەمەند ترە (واتە: دەوڵەمەندە و پێویستی بە شەریك و هاوەڵ نییە).

٤. ڕیا كردن هۆكارە بۆ سزای دواڕۆژ، هەر بۆیە یەكەم كۆمەڵ لە موسڵمانان كە ئاگری دۆزەخیان پێ گەرم و داخ بكرێت: قورئان خوێنیك، تێكۆشەرێك، خێركەرێك بەماڵەكەی بووە، ئەو كارە باشانەیان كردووە بۆ ئەوەی پێیان بوترێت: فلانەكەس قورئان خوێن بووە، فلانەكەس ئازا بووە، فلانەكەس بەخشندەو خێركەر بووە، كردەوەكانیان تەنها لەبەر خاتری خوای پەروەردگار نەبووە.

٥. ڕیاكردن هۆكارە بۆ ڕیسوایی و بچوكی و سووكی و ئابڕوچوون، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: « مَن سَمَّع سَمَّع اللهُ بِهِ، وَمَن يُرائي يُرائي اللهُ به »[٣٣].

واتە: هەر موسڵمانێك ڕیایی بكات لە كردەوەكانیدا، وە بیەوێت خەڵكی بیبیستن بۆ ئەوەی ڕێزی لێ بگرن و بە گەورەی بزانن و بڕوایان وابێت ئەو كەسە چاكەكارە، ئەوە لە ڕۆژی دواییدا خوای پەروەردگار عەیب و خراپەو نییەت خراپیەكەی ئاشكرا دەكات و دەیگەیەنێت بە خەڵكی تا خراپیەكەی

---

(٣٣) متفق عليه: البخاري، كتاب الرقاق، باب الرياء والسمعة، ٢٤٢/٧، برقم ٦٤٩٩. ومسلم، كتاب الزهد، باب من أشرك في عمله غير الله، ٢٢٨٩/٤، برقم ٢٩٨٦.

ئاشکرا بێت و بزانن کەسێکی نییەت خراپ بووە[٣٤].

٦. ڕیاکردن هۆکارە بۆ بێبەش بوون لە پاداشتی دواڕۆژ، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: « بَشِّر هذه الأمَّة بالسَّناءِ وَالدّينِ وَالرِّفعَةِ وَالتَّمكينِ في الأرضِ، فَمَن عَمِلَ مِنهُم عَمَلَ الآخِرَةِ لِلدُّنيا لَم يَكُن لَهُ في الآخِرَةِ مِن نَصيب »[٣٥].

واتە: مژدە بێت بۆ ئەم ئوممەتە بە سەرکەوتوویی و سەرفرازی و دین بەرزی و پلەو پایە بەرزی و دەسەڵات گرتنە دەست لەسەر زەویدا، بۆیە (ئاگاداربن) هەر موسڵمانێك کارێکی چاکە بکات بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندی دونیا ئەوە بە هیچ شێوەیەك لە دواڕۆژدا بەشی نییە (لەنازو نیعمەتی خۆشی بەهەشت، پاداشتی کردەوە چاکەکانی نادرێتەوە چونکە بۆ خوای پەروەردگاری نەبووە).

٧. ڕیاکردن هۆکارە بۆ دۆڕان و ژێرکەوتنی ئەم ئوممەتە، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت: « إنَّما يَنصُرُ اللهُ هذه الأمَّةَ بِضَعيفِها بِدَعوَتِهِم وَصَلاتِهِم وَإخلاصِهِم »[٣٦].

واتە: ئاگاداربن و باش بزانن کە خوای پەروەردگار ئەم ئوممەتە سەردەخات (بەسەر دوژمنانیدا) بە بێدەسەڵات و هەژارەکان: بە پاڕانەوە و نوێژ و دڵسۆزی و نیازپاکیەکەیان بۆ خوای پەروەردگار.

---

[٣٤] **بڕوانە:** شرح مسلم للنووي (١١٦/١٨).

[٣٥] رواه النسائي بلفظه، كتاب الجهاد، باب الاستنصار بالضعيف، ٤٥/٦، برقم ٣١٧٨، وأصله في صحيح البخاري، كتاب الجهاد والسير، باب من استعان بالضعفاء والصالحين في الحرب، ٢٩٦/٣، برقم ٢٨٩٦، وصححه الألباني في صحيح الترغيب ٦/١.

[٣٦] مسند أحمد ١٣٤/٥، والحاكم ٤١٨/٤، وصححه الألباني في صحيح الترغيب ١٥/١.

ئەم فەرمودەیە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە نییەت پاك بوون (لە کردەوە چاکەکاندا) بۆ خوای پەروەردگار هۆکارە بۆ سەرکەوتنی ئەم ئوممەتە بە سەر دوژمنانیدا، وە ڕیاکردن هۆکارە بۆ دۆڕان و ژێرکەوتنی ئەم ئوممەتە !.

٨. ڕیاکردن گومڕایی و سەرلێشێواوی زیاتر دەکات، خوای پەروەردگار دەربارەی دووڕووەکان دەفەرموێت: ﴿ يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَمَا يَخۡدَعُونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمۡ وَمَا يَشۡعُرُونَ ﴿٩﴾ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ فَزَادَهُمُ ٱللَّهُ مَرَضٗاۖ وَلَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمُۢ بِمَا كَانُواْ يَكۡذِبُونَ ﴿١٠﴾ ﴾ (البقرة: ٩-١٠)

واتە: ئەوان (دووڕووەکان) بە خەیاڵی خۆیان وا دەزانن خوای پەروەردگار و ئەو کەسانە دەخەڵەتێنن کە باوەڕداری ڕاستەقینەن!! کەچی ئەوان جگە لە خۆیان کەسیان پێناخەڵەتێت، بەڵام هەست ناکەن و بیرناکەنەوە، ئەوان لە دڵ و دەروونیاندا نەخۆشی بێباوەڕی و حەسوودی و ڕق و کینەو ڕیا هەیە، خوای پەروەردگاریش (بە هۆی سەرخستنی حەق و ئیمانداران) ئەوەندەی تر دەردوو نەخۆشیان گرانتر دەکات و سزایەکی سەختیش (لە دونیا و دواڕۆژدا) چاوەڕییانە بە هۆی درۆکردن و (ڕیا و دژایەتیان بۆ ئیسلام).

## باسی چوارەم: جۆرو وردەکارییەکانی ڕیا

جۆرەکانی ڕیا زۆرن (خوا پەنامان بدات لێی)، ڕوون کردنەوەی جۆرەکانی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

**یەکەم جۆری ڕیا ئەوەیە:** بەندەیەك کاتێك کردەوەیەکی چاکە دەکات مەبەستی ڕازی بوونی خوا نییە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە و حەزدەکات خەڵکی بزانن ئەو کردەوە چاکەیەی کردووە، بە هیچ شێوەیەك نییەت پاکی تێدا نییە بۆ خوای پەروەردگار، ئەمە جۆرێکە لە دووڕوویی و نیشانەیەکە لە نیشانەکانی دووڕووە بێباوەڕەکان.

**دووەم:** نییەت و مەبەستی ئەو بەندە موسڵمانە بۆ خوای پەروەردگارە، بەلاّم کاتێك هەست دەکات خەڵکی سەیری دەکەن و دەیبینن یەکسەر خۆی گورجوگۆڵ دەکات و عیبادەتەکەی دەڕازێنێتەوە، ئەم کارە شیرکی شاراوەو نهێنیە، **هەر بۆیە** پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: « يا أَيُّها النّاس إِيّاكُم وَشِركَ السَّرائِرِ"، قالوا: يا رَسُولَ الله: وَما شِرك السّرائِرِ؟ قال: "يَقومُ الرَّجُلُ فَيُصَلِّي فَيُزَيِّن صَلاتَهُ جاهِدًا لِما يَرَى مِن نَظَرِ النّاسِ إِلَيه فَذلكَ شِرك السَّرائِرِ » (٣٧).

واتە: ئەی موسڵمانان ئاگاداربن لە بڕیاردانی شیرکی شاراوەو نهێنی، هاوەڵان (خوایان لێ ڕازی بێت) وتیان ئەی پێغەمبەر (ﷺ) شیرکی شاراوەو نهێنی چی یە؟ فەرمووی: موسڵمانێك هەڵدەستێت و نوێژ دەکات هەوڵ و کۆشش

---

(٣٧) أخرجه ابن خزيمة في صحيحه ٦٧/٢، برقم ٩٣٧، وأخرجه البيهقي في السنن، ٢٩١/٢، وحسنه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب ٧/١.

دەدات و نوێژەكـەی جـوان دەكـات كاتێـك هەسـت دەكـات وا خـەڵكی سـەیری دەكەن و تێیدەڕوانن، ئا ئەوەیە شیركی شاراوەو نهێنی.

**سێیەم:** بەندەیەكی موسڵمان دەست دەكات بە كردنی عیبادەتێك وە تـەواوی دەكـات هـەر نییـەتی بـۆ خـوای پـەروەردگارە، بـەڵام كاتێـك دەزانرێـت ئـەو عیبادەتەی كردووە بە باشە باس دەكرێت دڵـی پێـی خـۆش دەبێـت، وە حـەز دەكات خەڵكی بە باشە باسی بكـەن و بـە چـاوی ڕێـزەوە سـەیری بكـەن و بـە گەورەی بزانن، وە بە هۆیەوە دونیای دەسـت بكـەوێت (زیـاتر ڕێـزی لێبگـرن و جیـاوازتر سـەیری بكـەن لـە كـڕین و فرۆشـتن و مامەڵـەكانی تـردا)، بۆیـە ئـەم دڵخۆش بوونە بە باش باس كردنی خـەڵك و زیـاتر حـەز بـوون بـەڕێز لێگـرتن و بەدەست هێنانی مەبەستی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو كەسـە شـیركی شـاراوەو نهێنی تێدایە (ڕیا).

**چـوارەم:** ڕیـاكردن بـە لاشـە: بـۆ نمونـە كەسـێك بێتاقـەتی و ڕەنـگ زەردی دەردەبڕێت بۆ ئەوەی پیشانی خـەڵكی بـدات كـە عیبـادەتی زۆرە و زۆر ترسـی قیامەتی هەیە، وە جاری وا هەیە ئەو بەندەیە ڕیا كردن بە دەنـگ نـزم كـردن و لێو ووشك بوون دەردەخات بۆ ئەوەی پیشانی خەڵكی بدات كە بە ڕۆژووە.

**پێنجەم:** ڕیا كردن لە ڕووی جل و بەرگـەوە: وەكـو كەسـێك جلـی كـۆن و دڕاو لەبەر بكات بۆ ئەوەی پێی بڵێن بەڕاستی كەسێكی دونیا نەویستە، یـان جـاری وا هەیە دەبینێت جل و بـەرگێك ئەگـەر هـەر كەسـێك بیپۆشـێت خـەڵك دەڵـێن: زاناو شارەزایە ئەم كەسەش ئـەو جلـە دەپۆشـێت بـۆ ئـەوەی پێـی بڵـێن زانـاو شارەزایە.

**شەشەم:** ڕیا کردن بە ووتە: ئەم جۆرە زیاتر کەسانی دیندارترو ئەو کەسانەی کە ڕێنمونی و ئامۆژگاری خەڵك دەکەن، یان شارەزا بوون و لەبەر کردنی شوێنەوارو بەسەرهات بۆ موناقەشەو دەمە دەمێ کردن و دەربڕینی عیلم و شارەزایی.

**حەوتەم:** ڕیا کردن بە کردەوە: وەکو ڕیا کردنی نوێژکەرێك بە درێژکردنەوەی ڕکوع و سوجدەو دەبڕینی خشوع، یان ڕیا کردن لە ڕۆژوو گرتن و حەج کردن و خێرکردندا.

**هەشتەم:** ڕیا کردن بە هاوڕێیان و سەردان کەران: وەکو کەسێك داوا لە زاناو پیاوچاکان بکات تا سەردانی بکەن بۆ ئەوەی بوترێت فلانە کەس سەردانی ماڵی فلانە کەسی کرد (وەکو دەربڕینی ڕێزو گەورەییەك)، یان دەعوەتی خەڵك دەکات بۆ ئەوەی بوترێت: بە خوا فلانە کەس پیاو چاکە دیوتە چۆن کەسانی دیندار هاتوو چۆی دەکەن و سەردانی دەکەن؟

**نۆیەم:** شکاندنەوەی نەفسی خۆت لەناو خەڵکیدا، دەتەوێت لەناو خەڵکیدا وا خۆت پیشان بدەیت کە تۆ کەسێکی بێفیز و بێ ئارەزویت، بە هۆی ئەو خۆ شکاندنەوەیەتەوە دەتەوەێت خۆت بەرز بکەیتەوە و خەڵکی بە باشە و بێفیز باست بکەن کە ئەم کارە لە شاراوەترین جۆرەکانی ڕیایە.

**دەیەم:** لە وردترین و شاراوەترین جۆرەکانی ڕیا ئەوەیە: موسڵمانێك عیبادەت و کردەوەی چاکە تەنها بۆ ڕازی بوونی خوا دەکات، بە شێوەیەکی وا نایەوێت کەس پێی بزانێت، وە حەز ناکات ئەو عیبادەتەی ئاشکرا بێت و دەربکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کاتێك دەچێتە ناو خەڵکی:

- حەزدەکات خەڵکی ڕێزی لێبگرن و سەلامی لێبکەن.

❖ حەزدەکات خەڵکی بە گەورەی بزانن، وە کاتێك دەیبین بە گەرمی پێشوازی لێبکەن.

❖ حەزدەکات خەڵکی بە باشە و پیاوچاك ناوی بێنن (بۆ نموونە: حەزدەکات پێی بڵێن: مامۆستا فلان کەس، یان شێخ فلان کەس، یان کاك فلان کەس...هتد) چەند پیاوێکی باشە و بە کەڵکە بۆ خەڵك، وە کەسێکی کۆمەڵایەتیە، یان ئاوهاو ئاوهایە.

❖ حەزدەکات خەڵکی زوو کارەکانی بۆ جێبەجێبکەن (حەزدەکات لە هەموو جێیەك کاری بڕوات و دوا نەکەوێت، بە هۆی ئەو ناو و پیشەیەی کە هەیەتی).

❖ حەزدەکات خەڵکی لە کڕین و فرۆشتندا جیاواز لە کەسانی تر مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

بۆیە هەرکاتێك بینیتی خەڵکی بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا ناکەن دڵی تەنگ دەبێت، وەکو ئەوەی دەیەوێت ڕێزدار بێت و بەگەورە بزانرێت و مامەڵەی تایبەتی لەگەڵدا بکرێت بە هۆی ئەو عیبادەت و کردەوە چاکانەی کە بە نهێنی دەیان کات.

**یانزەیەم:** یەکێکی تر لە ڕیا زۆر ردوو شاراوەکان ئەوەیە: موسڵمانێك دڵسۆزی و نیازپپاکیەکەی بکاتە هۆکارێك بۆ بەدەست هێنانی ئەو مەبەستەی (کارەی) کە خۆی دەیەوێت، زانای پایە بەرز إبن تيمية (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێت: « گێردراوەتەوە کە ئیمامی أبو حامد الغزالي (ڕەحمەتی خوای لێبێت) بۆی باس کراوە گوایە هەر کەسێك چل ڕۆژ دڵ و دەروون و نیازی خۆی پاك بکاتەوە بۆ خوای پەروەردگار ئەوە دانایی و لێزانی لە ناو دڵیەوە هەڵدەقوڵێت و دێتە سەر

زمانی، ئیامی الغزالِــي دەفەرموێت: منیش کە ئەوەم بیست چل ڕۆژ دڵ و دەروون و نیازی خۆم پاك كردەوە بۆ خوای پەروەردگار، بەڵام هیچم بەدی نەكرد لەوەی كە بەتەمای بووم، بۆیە ئەم مەسەلەیەم بۆ هەندێك لە دانایان و زانایان باس كرد، ئەوانیش پێیان ووتم: تۆ دڵ و دەروون و نییەتی خۆت پاك كردۆتەوە بۆ بە دەست هێنانی دانایی (مەبەستی خۆت)، نەك نییەتی خۆت پاك كردبێتەوە بۆ خوای پەروەردگار »[٣٨].

بۆیە موسڵمانی خۆشەویست جاری واهەیە بەندەیەكی موسڵمان مەبەستی لە نیازپاکیەکەی بەدەست هێنانی سەرخۆیی و دانابیە، یان بۆ ئەوەی خەڵکی بە گەورەی بزانن و باسی بکەن بە باشە، یان جگە لەم مەبەستانە، ئەم شتانە بەدەست نایات بە نییەت پاك كردنەوە و ئیخلاص بۆ خوای پەروەردگار (دروست نییە دینداری و لە خوا ترسان بۆ ئەوە بە كار بهێنرێت)، بەڵكو بەدەست هێنانی ئەو شتانە پێویستە بە كار كردن بێت بۆیان.

---

(٣٨) بِروانة: درء تعارض العقل والنقل لابن تيمية ٦٦/٦، ومنهاج القاصدين ص٢١٤-٢٢١، والإخلاص للعوايشة ص٢٤، والإخلاص والشرك الأصغر للدكتور عبد العزيز بن عبد اللطيف ص٩، والرياء لسليم الهلالي ص١٧.

## باسی پێنجەم: بەشەکانی ڕیاو شوێنەواری خراپی لەسەر کردەوە چاکەکان

ریا (خوای پەروەردگار پەنامان بدات لێی) چەند بەشێکی هەیە، کە پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێك شارەزایان بێت، تا لێیان ڕابکات و خۆی لێیان بپارێزێت، ئەو بەشانە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

١. کردنی ئەو کردەوەیە یەکپارچە و بە گشتی بۆ ڕیایە، مەبەست بە کردنی تەنها ڕیاکردن و خۆدەرخستنە لەبەر چاوی خەڵکی، وەکو حاڵی دووڕووەکان، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَإِذَا قَامُوٓاْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ قَامُواْ كُسَالَىٰ يُرَآءُونَ ٱلنَّاسَ وَلَا يَذۡكُرُونَ ٱللَّهَ إِلَّا قَلِيلٗا ١٤٢ ﴾ (النساء: ١٤٢)

واتە: وە کاتێك هەڵدەستن بۆ نوێژ کردن (دووڕووەکان) زۆر بەلەش گرانی و تەمبەڵی هەڵدەستن (لەبەر ئەوەی نیەتیان ڕازی بوونی خوای گەورە نییە تیایدا، وە باوەڕیان پێی نییە، وە لە ماناکەشی تێناگەن)، ئەو دووڕوانە ڕیایی لەبەر خەڵکی دەکەن (دڵسۆز و نییەت پاك نین)، وە یادو زیکری خوا ناکەن مەگەر زۆر بەکەمی نەبێت.

ئەم ڕیاکردنە بەو شێوەیە زۆر بەکەمی لە ئیماندارێك ڕوو دەدات لە نوێژی فەرزو ڕۆژوودا، بەڵام هەندێ جار لە زەکات و حەج و کردەوە ئاشکراکاندا ڕوو دەدات، گومان لەوەدا نییە ئەم کردەوەیە (ڕیایە) کردەوە چاکەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، وە شایستەی سزاو تووڕەیی خوای پەروەردگار دەبێت، (پەنا دەگرین بە خوای پەروەردگار).

٢. کردنی ئەو کردەوەیە لە بنەڕەتدا بۆ خوای پەروەردگارە بەڵام هەر لە بنچینەوە ڕیای تێکەڵ دەکات، ئەم جۆرەشیان بەڵگەکان لەسەر ئەوەن کە پوچەڵ و بەتاڵ و هەڵوەشاوەیە.

٣. بنەڕەتی ئەو کردەوەیە بۆ خوای پەروەردگارە بەڵام لەناکاو لەناو عیبادەتەکەدا ڕیای تێدەکەوێت، لەم کاتەدا ئەو عیبادەتە لە دوو حاڵەت بەدەر نییە:

**یەکەم:** سەرەتای عیبادەتەکە پەیوەندی بە کۆتایی عیبادەتەکەوە نییە، لەم کاتەدا سەرەتای عیبادەتەکە دروست و وەرگیراوە (إن شآءَ الله) بەڵام کۆتاییەکەی بەتاڵ و وەرنەگیراوە، بۆ نموونە: کەسێك بیست دیناری پێیە دەیەوێت بیکات بە خێر، دە دیناریانی بەخشی تەنها بۆ ڕازی بوونی خوای پەروەردگار، پاشان دە دینارەکەی تری بەخشی بەڵام لە کاتی بەخشینیدا ڕیای تێکەڵ دەکات، بۆیە لەم کاتەدا خێری یەکەم (دە دیناری یەکەم) دروست و وەرگیراوە، بەڵام دە دینارەکەی تری بەتاڵ و وەرنەگیراوە چونکە ڕیای تێکەڵ کردووە.

**دووەم:** سەرەتای عیبادەتەکە پەیوەستەو پەیوەندی بە کۆتاییەکەیەوە هەیە، لەم کاتەدا موسڵمان لە دوو حاڵەت بەدەر نییە:

أ- ئەو ڕیایە بەسەریدا دێت بەڵام ئەم بەندە موسڵمانە دەیگێڕێتەوەو دڵ خۆش نابێت پێی، وە پشتی لێ هەڵدەکات و پێی ناخۆشە، بۆیە ئەمە زیانی پێناگەیەنێت بە بێ ڕاجیایی لە نێوان زانایاندا، هەروەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: « إن اللهَ تَجاوَزَ لِأمَّتي ما حَدثت بِهِ أَنفُسُها ما لَمَ يَتَكَلَّمُوا أو يَعمَلوا» [٣٩].

واتە: خوای پەروەردگار دەبورێ و خۆش دەبێت لەو کارانەی کە بە دڵدا دێت ئەگەر نەیکەن بە قسە یان بە کردەوە.

---

[٣٩] مسلم، كتاب الإيمان، باب: تجاوز الله عن حديث النفس والخواطر بالقلب إذا لم تستقر، ١١٦/١، برقم ١٢٧.

ب- کاتێك ئەو بەندەیە دەستی کرد بە عیبادەت ڕیای تێکەڵ دەبێت و بەردەوامە لەگەڵیدا و دڵی ئارامە پێی و بەرەنگاری نابێتەوە، بەڵکو حەزی پێ دەکات، بۆیە هەموو عیبادەتەکەی (بۆ نموونە نوێژەکەی) بەتاڵ دەبێتەوە لەسەر بۆ چوونی ڕاستی زانایان، لەبەر ئەوەی عیبادەتەکە سەرەتاکەی پەیوەستە بە کۆتاییەکەی، بۆ نموونە: کەسێك دەست دەکات بە نوێژ کردن و نییەتی تەنها بۆ خوای پەروەردگارە، بەڵام لە ڕکاتی دووەمدا ڕیای تێکەڵ دەبێت بەردەوام دەبێت لەگەڵیدا تا ڕکاتی کۆتایی، هیچ بەرەنگاری نابێتەوەو ڕەتی ناکاتەوە، بۆیە ئەم نوێژە هەمووی بە تاڵ دەبێتەوە لەبەر ئەوەی سەرەتاو کۆتاییەکەی پەیوەستە بە یەکەوە.

٤. لە دوای تەواوبوونی عیبادەتەکە ڕیا دروست ببێت[٤٠]: ئەگەر بەندەیەکی موسڵمان کردەوەیەکی چاکەی کرد بە دڵسۆزی و نییەت پاکیەوە بۆ خوای پەروەردگار، پاشان خوای پەروەردگار باس و وەسفی چاکی خستە ناو دڵی موسڵمانانەوە، ئەم موسڵمانە دڵ خۆشە بە فەزڵ و ڕەحمەتی خوای پەروەردگار، ئەگەر مژدەی خۆشی پێ بدرێت هیچ زیانی پێ ناگات، هەر بۆیە پرسیار کرا لە پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی موسڵمانێك کردەوەی خێرو چاکە دەکات تەنها بۆ خوای پەروەردگار، پاشان خەڵکی باسی دەکەن بە چاکەو ستایشی دەکەن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: « تلك عاجل بُشرَى المؤمن »[٤١].

واتە: ئەوە مژدەیەکی خۆشە پێشخراوە بۆ موسڵمان لە دونیادا (باس کردنی بە خێرو چاکە).

---

[٤٠] **بڕوانە**: فتاوى ابن عثيمين ٢/٣٠.

[٤١] مسلم، كتاب البر والصلة والآداب، ٤/٢٠٣٤، برقم ٢٦٤٢.

## باسی شەشەم: هۆكارو پاڵنەرەكانی ڕیا كردن

بنـەڕەتی ڕیـا بریتیـە لـە حـەزكردن بـە پلەوپایـەی بـەرز، هەركەسـێك خۆدەرخسـتن و حـەزكردن بـە پلەوپایـە بـەرزی زاڵ بێـت بەسـەر دڵیـدا ئـەوە بەردەوام مەبەستی تـەنها چاودێری كردنـی خـەڵك دەبێـت (هـەوڵ دەدات ئـەو كارانە بكات كە خەڵكی حەزیان لێیە) دڵی پەیوەستـە پێیانـەوە، ڕیایـان لەبـەر دەكات، بۆیە لە ووتەو كردەوەو هەڵس و كەوتیدا تەنها دەڕوانێتە ئەو كارانـەی كە دەبێتە مایەی پلە بەرزی بۆی لەناو خەڵكیدا، بەڕاستی ئـەم كـارە بنـەڕەتی هەموو نەخۆشـی و بەڵایەكـە، چـونكە هەركەسـێك حـەزی بـەو خۆدەرخسـتن و حەزكردن بە بەرزی و پلەوپایە بێت، ئەوە بێگومان تووشی ڕیـا كـردن دەبێـت لە عیبادەتەكانیدا، وە تووشی چەندین كاری تاوان و حەرام دەبێت، ئـەم كـارو نییەتە زۆر ئاڵۆزو شاراوەیە هیچ كەس هەستی پێ ناكات تەنها زانایانی شـارەزا بە خوای پەروەردگار و خۆشەویستانی.

بۆیە ئەگەر ئەم هۆكارو نەخۆشیە كوشندەیە شیبكەینەوە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سێ بنەڕەت:

١. حەزكردن بە سوپاس و ستایشی خەڵكی.

٢. ڕاكردن لە گلەیی و سەرزەنشتی خەڵكی.

٣. بە تەما بوونی ئەو شتانەی كە لە ژێر دەستی خەڵكیدا هەیە[٤٢].

---

(٤٢) **بڕوانە:** مختصر منهاج القاصدين لابن قدامة ص٢٢١-٢٢٢.

ئـەوەی بەڵگـە بێـت لەسـەر ئەمـە ئـەو فەرمودەیەیـە کـە هـاوەڵی بـەڕێزی پێغەمبەر (ﷺ) أبو موسى الأشعري (رضي الله عنه) دەیگێڕێتەوە و دەفەرموێت: « جــاءَ رَجلٌ إلى النَّبيِّ ﷺ فَقالَ: الرَّجلُ يُقاتِلُ شجاعَة، وَيُقاتِلُ حَمِيَة، وَيُقاتِلُ رِياءً فَأيُّ ذلك في سبيلِ اللهِ؟ قالَ (ﷺ): مَن قاتَلَ لِتَكونَ كَلِمَةُ اللهِ هِيَ العُليــا فَهُوَ فِي سَبيـــلِ اللهِ » [٤٣].

واتـە: پیاوێـك هـات بـۆلای پێغەمبـەرو (ﷺ) ووتـی: پیاوێـك جیهـاد بکـات و تێبکۆشێت بۆ ئەوەی پێی بڵێن ئازایە، وە پیاوێك جیهاد بکات و تێبکۆشێت بە دەمارگیری، وە پیاوێك جیهاد بکات و تێبکۆشێت بۆ ڕیا و خۆدەرخستن، ئایا لەم سێ جۆرە کەسە کامیان جیهادو تێکۆشانەکەی لە ڕێی خوای پـەروەردگار دایـە ؟ پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی: هـەر کەسێك (موسڵمانێك) جیهـاد بکـات و تێبکۆشـێت بـۆ ئـەوەی ووتـەی خـوای پـەروەردگار (دینـی خـوا) بـەرزو بڵنـدو سـەرکەوتوو بێـت بەڕاسـتی ئـەو هـەوڵ و جیهـادو تێبکۆشـانە لـە ڕێـی خـوای پەروەردگار دایە.

ووتەکەی ئەو پیاوە کە ووتی: « يقاتل شجاعة » واتە: بۆ ئەوەی باسی غـیرەت و ئازایەتی بکرێت و سوپاس و ستایش بکرێت.

وە: « يقاتل حمية »: خۆی بە گەورە دەزانێت لەوەی کە لێـی بەرنـەوەو زاڵ بـن بەسەریا، یان زەم و لۆمە بکرێت.

---

[٤٣] متفق عليه: البخاري، كتاب الجهاد والسير، باب من قاتل لتكون كلمة الله هي العليــا، ٢٧٢/٣، برقم ٢٨١٠، ومسلم، كتاب الصلاة، باب من قاتل لتكون كلمة الله هي العليــا فهــو في ســبيل الله، ١٥١٢/٣، برقم ١٩٠٤.

وە: « ویقاتل ریاءً »: بۆ ئەوەی شوێنی ببینرێت، ئا ئەمەیە حەز کردن بە پلـەو پایە بەرزی لە ناو دڵی خەڵکیدا.

جاری واهەیە کەسێك حەز دەکات بە باشە باس بکرێت لـە ترسـی گلـەیی و سەرزەنشتی خەڵکی، بۆ نموونە: کەسێکی ترسنۆك لە نێوان کۆمەڵـە کەسـێکی ئـازادا، ئـەم کەسـە ترسـنۆکە خـۆی دەگرێـت و ڕاناکـات لـەناو جەنگـدا یـان شوێنێکی ترسناکدا بۆ ئەوەی گلەیی لێ نەکەن و سەرزەنشتی نەکەن.

یان کەسێك فەتوا ئەدات بە بێ عیلم و زانیاری لە ترسی ئـەوەی پێـی نـەڵێن نازانێـت، بەڕاسـتی ئـەم کارانـە پاڵنـەرن بـۆ ڕیـا کـردن، بۆیـە موسـڵمانی خۆشەویست ئاگاداربەو خۆت بپارێزە.

## باسی حەوتەم: ڕێگا چارەی بەدەست هێنانی نییەت پاکی و چارەسەری ڕیا

موسڵمانی خۆشەویست زانرا کە ڕیا کردن کردەوە چاکەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، وە هۆکارە بۆ تووڕەیی و سزای خوای پەروەردگار، وە یەکێکە لە کارە لەناو بەرەکان، وە ترسناکی بەسەر موسڵمانەوە زۆرترو گەورەترە لە فیتنەو ئاشوبی مەسیحی دەجال.

بۆیە هەر کارێك ئەوە ترسناکی بێت باش وایە موسڵمان ئاگادار بێت و قۆڵی هەڵبماڵێت بۆ لابردن و چارەسەرکردنی (ڕیا)، وە بنچینەو لق و پۆپەی ڕیا نەهێڵێت، لەو چارەسەرانەی کە ڕیا ناهێڵێت و نییەت پاکی پێ بەدەست دێت ئەم هۆکارانەن (بە پشتیوانی خوای پەروەردگار):

١. شارەزابوون زانینی ئەو جۆرە کردەوانەی کە بۆ بە دەست هێنانی دونیا دەکرێت، وە زانینی جۆرو بەش و پاڵنەرو هۆکارەکانی ڕیا، پاشان بڕین و دەرکردنی ئەو نەخۆشیە کوشندەیە لە ڕەگەوە، لە پێشیشدا باسی ئەمانەمان کرد.

٢. ناسینی گەورەیی خوای پەروەردگار بە ناوو سیفات و کارەکانی، ناسینێکی ڕاست و دروست بە تێگەیشتنێکی ڕاست و دروست لە قورئانی پیرۆز و سوننەت لەسەر مەنهەج و ڕێبازی ئەهلی سوننەو جەماعە، چونکە هەر کاتێك بەندەی موسڵمان زانیتی تەنها خوای پەروەردگار قازانج و زیان، سەربەرز کردن و زەلیل و سەرشۆڕ کردنی بەدەستە، بەخشین و نەبەخشین، ژیاندن و مراندنی بە دەستە، خوای پەروەردگار ئاگادارە بە خیانەتی چاوو ئەو

نهێنیانەی کە لەناو دڵەکاندان، ئەگەر ئەو بەندەیە خوای پەروەردگاری ناسی، وە زانیتی تەنها خوای پەروەردگار بە تاك و تەنها شایستەی هەموو جۆرە پەرستن و عیبادەت بۆ کردنێکە، ئەمە بەروو بوومەکەی بریتیە لە نییەت پاکی و ڕاستگۆییەکی تەواو لەگەڵ خوای پەروەردگاردا، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لەسەر بەندەی موسڵمان کە شارەزای یەکخواپەرستی بێت بە هەموو جۆرەکانیەوە.

٣. شارەزابوون لەوەی کە خوای پەروەردگار ئامادەی کردووە لە دواڕۆژدا: لە نازونیعمەتی خۆشی بەهەشت، وە سزاو ناخۆشی و ناڕەحەتی ناو گۆڕو دۆزەخ، وە ناخۆشی و ناڕەحەتی مردن و سەرەمەرگ، ئەگەر بەندەی موسڵمان ئەمەی زانی و جوان بیری لێ کردەوە و کەسێکی ژیریش بوو، ئەوە لە ڕیاوە ڕادەکات بەرەو نییەت پاکی، وە کردەوە تەنها بۆ خوای پەروەردگار دەکات.

٤. ترسان لە کردەوە کردن بۆ بەدەست هێنانی دونیا، وە ئەو ڕیایەی کە هەڵوەشێنەرەوەی کردەوە چاکەکانە، چونکە هەرکەسێك لە شتێك بترسێت ئەوە بەردەوام لێی ڕادەکات تا ڕزگاری دەبێت لێی، هەرکەسێك بترسێت (لە تورەیی و سزای خوای پەروەردگار) ئەوە زوو دەکەوێتە ڕێ، وە هەرکەسێك زوو بکەوێتە ڕێ ئەوە بێگومان دەگات بە پلەوپایەی بەرزی بەهەشت، بۆیە پێویست و واجبە لەسەر بەندەی موسڵمان هەرکاتێك حەزی لە سوپاس و ستایش و باسی خەڵك کرد با نەفسی خۆی ئاگادار بکاتەوەو بیترسێنێ لە بەڵاو نەخۆشی ڕیا، وە تووش بوون بە تورەیی خوای پەروەردگار، بۆیە هەر موسڵمانێك هەژاری و بێدەسەڵاتی خەڵکی زانی ئەوە بێگومان دەحەسێتەوەو

دوور دەبێت لە خەم و پەژارە و دەردوو نەخۆشی کوشندەی ڕیا، هەروەك هەندێك لە پیاوچاکانی پێشین فەرموویانە: « بەرەنگاری نەفست بەرەوە بۆ دوورخستنەوەی هەموو هۆکارەکانی ڕیا، سووربەو هەوڵبدە با هەموو خەڵکی لەبەر چاوت وەکو منداڵ وابن، بۆیە جیاوازی مەکە نێوان پەرستنەکەتەوە لە نێوان دیار بوون دیار نەبوونیاندا (کاتێك خەڵکت لێ دیار بوو عیبادەت جوانتر بکەیت لەوەی کە دیار نەبن و نەتبینن)، وە جیاوازی مەکە نێوان پەرستنەکەتەوە کاتێك هەست بکەیت دەیزانن یان نا، بەڵکو قەناعەتت هەبێت و دڵ ئارام بە بە عیلم و زانیاری خوای پەروەردگار » [٤٤].

بۆیە هەر بە پشت بەستن بە خوای پەروەردگار و پاشان ترسان لە بەتاڵ بوونەوەی کردەوەکان، کەسانی خاوەن باوەڕو زانیاری ڕزگاریان بووە لەو نەخۆشی و بەڵا گەورەیە (ڕیا)، هەروەك محمدی کوڕی لبید (رضي الله عنه) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرمودەیەکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی: « إنَّ أخوفَ ما أخافُ عَلَيكُم الشِّركُ الأصغَر، قالوا: وما الشِّركُ الأصغَر يا رَسولَ اللهِ؟ قالَ: الرِّياءُ، يَقولُ اللهُ عَزَّ وَجَلّ لَهُم يَومَ القيامَةِ إذا جَزى النّاسَ بِأعمالِهِم: اذهَبُوا إلى الذّين كُنتُم تُراؤونَ في الدُّنيا فَانظُروا هَل تَجِدونَ عِندَهُم جَزآءً » [٤٥].

واتە: ترسناکترین شتێك کە لێی بترسم تووشتان ببێت (ئەی موسڵمانان) شیرکی بچوکە، هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویان: شیرکی بچوك چییە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ڕیا کردنە، خوای

---

[٤٤] **بروانە:** الإخلاص والشرك الأصغر، للدكتور عبد العزيز بن عبد اللطيف، ص١٣.

[٤٥] أحمد في المسند ٤٢٨/٥، وصححه الألباني في صحيح الجامع ٤٥/٢.

پەروەردگار لە ڕۆژی دواییدا دەفەرموێت (كاتێك پاداشتی خەڵكی دەداتەوە) بە كردەوەكانیان (بەپێی چاكەو خراپەیان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەكات): بڕۆن بۆ لای ئەو كەسانەی كە لە دونیادا ڕیاتان لەبەر دەكردن (كردەوەتان لەبەر خاتری ئەوان و بۆ ڕازی بوونی ئەوان دەكرد) سەیر بكەن و بزانن هیچ پاداشتێكتان دەدەنەوە لەسەر ئەو كردەوانەی كە بۆتان دەكردن.

هەر لەبەر ئەو ترسە گەورەیە بووە كە هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەرو (ﷺ) شوێن كەوتوانیان و زانایان و پیاوچاكان زۆر ترساون لەو فیتنەو ئاشووبە ترسناكە، نموونە لەسەر ئەمە، ئەم نموونانەی لای خوارەوەیە:

أ. خوای پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ وَٱلَّذِينَ يُؤْتُونَ مَآ ءَاتَواْ وَّقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ أَنَّهُمْ إِلَىٰ رَبِّهِمْ رَٰجِعُونَ ﴿٦٠﴾ ﴾ (المؤمنون: ٦٠).

واتە: ئەوانەی كە دەبەخشن لە زەكات و خێرو كردەوەی چاكە دەكەن، دڵیان دەترسێت نەوەكو لێیان وەرنەگیرێت، چونكە ئەوانە بێگومانن لەوەی كە بۆلای پەروەردگاریان دەگەڕێنەوە.

دایكی ئیمانداران خاتوو عائیشە (رضي الله عنها) فەرمووی: « يا رسولَ اللهِ (ﷺ): أَهُوَ الذِّي يَزنِي، وَيَسرِق، وَيَشرَبُ الخَمرَ؟ قال: لا يا بنت أبي بَكرٍ (أو يا بنت الصِّدِّيق) وَلكِنَّهُ الرَّجلُ يَصومُ، وَيَتَصَدَّقُ، وَيُصَلِّي وَهُوَ يَخافُ ألاّ يُتَقبَّل مِنهُ »[٤٦].

واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئایا ئەوە كەسێكە زینا دەكات، دزی دەكات، مەی

[٤٦] ابن ماجه، كتاب الزهد، باب: التوقي في العمل، ١٤٠٤/٢، برقم ٤١٩٨، والترمذي، كتب تفسير القرآن، بابٌ: ومن سورة "المؤمنون"، ٣٢٧/٥، برقم ٣١٧٥، وصححه الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة برقم ١٦٢، وفي صحيح ابن ماجه، ٤٠٩/٢.

**دەخواتەوە؟ (تا لەوە بترسێت کردەوەکانی لێ وەرنەگیرێت)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: نەخێر ئەی کچی أبوبکر (یان کچی ڕاستگۆ) ئەوە پیاوێکە (موسڵمانێکە) ڕۆژوو دەگرێت، زەکات دەدات و خێریش دەکات، نوێژ دەکات، بەڵام لەوە دەترسێت لێی وەرنەگیرێت.**

ب. ابن أبي مليكة (رضي الله عنه) **دەفەرموێت:** « أدرَكتُ ثَلاثينَ مِن أصحابِ النَّبيِّ (ﷺ) كُلُّهم يَخافُ النِّفاقَ عَلى نَفسِهِ وَما مِنهُم أحَدٌ يَقولُ: إنَّهُ عَلى إيمانِ جِبريل وَمِيكائيل» (٤٧).

**واتە: گەیشتم بە سی کەس لە هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر (ﷺ) هەموویان لە دووڕوویی دەترسان لە نەفسی خۆیان، وە لە گەڵ ئەم ترسەیان لە دووڕوویی و ڕیاکردن کەسیان باوەڕیان وانەبوو کە ئیمانیان وەکو ئیمانی (**جبريل وميكائيل**)ـە، چونکە (**جبريل وميكائيل**)و ئەوانی تر پارێزراون لە گوناه و تاوان، ترسیان لەسەر نییە بە پێچەوانەی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) کە ترسی تاوان و ڕیایان هەیە(٤٨).**

ج. إبراهيم التيميّ **دەفەرموێت:** « ما عَرَضتُ قَولي عَلى عَمَلي إلاّ خَشيتُ أن أكونَ مُكَذِّبًا » (٤٩).

**واتە: هیچ کاتێك قسەکانم نەداوە بەڕووی کردەوەکانمدا ئیللا لەوە ترساوم**

---

(٤٧) رواه البخاري معلقًا مجزومًا به، قال ابن حجر: وصله ابن أبي خيثمة في تاريخه. انظر: فتح الباري ١/١١٠.

(٤٨) **بڕوانە:** عمدة القاري (١/٢٧٥).

(٤٩) البخاري مع الفتح معلقًا ومجزومًا به، قال ابن حجر: وصله ابن أبي خيثمة في تاريخه. انظر: فتح الباري ١/١١٠.

**کە من کەسێکی درۆزن بم (واتە: ئەوەی دەیڵێم لەکاری چاکە و فەرمان بە کردنی دەکەم خۆم نەیکەم، یان بە خەڵکی بڵێم کاری خراپە مەکەن کەچی خۆم بیکەم).**

**د. ئیمامی حەسەن** (ڕەحمەتی خوای لێبێت) **دەفەرموێت:** « ما خَافَه إلاّ مُؤمِنٌ وَلا أمِنَهُ إلاّ مُنافِقٌ » [٥٠].

**واتە: هیچ لە ڕیا ناترسێت مەگەر ئیماندار، وە هیچ لە ڕیا ئەمین نییە مەگەر کەسێکی دووڕوو.**

**هـ. ئیمامی عُمر** (ﷺ) **بە** حذیفةی **فەرموو:** « نَشَدتُّكَ بِاللهِ هَل سَمّاني لَكَ رَسولُ اللهِ ﷺ مِنهُم"يَعني مِنَ المُنافقينَ"؟ قالَ: لا. وَلا أُزَكّي بَعدَكَ أحَدًا » [٥١].

**واتە: ئەی** حذیفة **سوێندت دەدەم بە خوای پەروەردگار ئایا پێغەمبەر (ﷺ) ناوی منی هێنا لە کۆمەڵی دووڕووەکان یان نا؟** حذیفة **فەرمووی: نەخێر، بەڵام دوای تۆ ئەو شایەتییە بۆ کەس نادەم.**

**و. گێڕدراوەتەوە لە** أبوالدّرداء **کە فەرموویەتی:** « اللّهُمَّ إنّي أعوذُ بِكَ مِن خُشُوعِ النِّفاقِ" قِيلَ: وَما خُشُوعُ النِّفاقِ؟ قالَ: أن تَرى البَدَنَ خاشِعًا وَالقَلب لَيسَ بِخاشِعٍ » [٥٢].

**واتە: ئەی خوای پەروەردگار پەنات پێ دەگرم لە خشوعی دووڕوویی، ووترا:**

---

[٥٠] البخاري مع الفتح، وقال ابن حجر: وصله جعفر الفريابي في كتاب صفة المنافقين، وصححه. انظر: الفتح ١١١/١.

[٥١] ابن كثير بنحوه، في البداية والنهاية ١٩/٥، وانظر: صفات المنافقين لابن القيم ص٣٦.

[٥٢] ذكره ابن القيم في صفات المنافقين ص٣٦.

خشوعی دووڕوویی چی یە؟ فەرمووی: دەبینیت کەسێك لاشەی خاش و مل کەچە بەڵام دڵی وانییە (واتە: بە لاشە زۆر مل کەچ و لە خوا ترس دیار بێت بەڵام بە دڵ وا نەبێت).

ز. وە هەروەها لێی گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی: « لأَنْ أستَيقنَ أنَّ الله تَــقبَّلَ لي صَلاةً واحِدَةً أحَبُّ إليَّ مِنَ الدُّنيا وَما فيها، إن الله يقول: ﴿إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٢٧﴾﴾ (المائدة: ٢٧) » [٥٣].

واتە: ئەگەر بێگومان بومایە لەوەی کە خوای پەروەردگار تەنها یەك نوێژێکی لێم وەرگرتووە ئەوە بەلامەوە خۆشەویستتر بوو لە هەموو دونیاو ئەوەی کە تیایدایە، لەبەر ئەوەی خوای پەروەردگار فەرموویەتی: {إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ }واتە: خوای پەروەردگار خێرو چاکە و عیبادەت لەو کەسانە وەردەگرێت کە لە خوا دەترسن و خۆیان لە خراپەو تاوان بە دوورەگرن.

ح. عبد الرحمن بن أبي ليلى فەرموویەتی: « أدرَكتُ عِشرِينَ وَمائَةً مِنَ الأنصارِ مِن أصحابِ رَسولِ (ﷺ)، يُسألُ أحَدُهُم عَنِ المَسألَةِ، ما مِنهُم رَجُلٌ إلاّ وَدَّ أنّ أخاهُ كَفاهُ » [٥٤].

واتە: گەیشتم بە سەدو بیست کەس لە هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر (ﷺ) لە پشتیوانان، کاتێك پرسیاری بابەتێك لە یەکێکیان بکرایە، هەر یەکێك لەوان حەزی دەکرد براکەی وەڵامی بدایەتەوە (لە ترسی ڕیا).

٥. ڕاکردن لە سەرزەنشتی خوای پەروەردگار، چونکە یەکێك لە

---

[٥٣] ذكره ابن كثير في تفسيره ٤١/٢، وعزاه إلى ابن أبي حاتم، والآية من سورة المائدة، الآية: ٢٧.

[٥٤] الدارمي في سننه ٥٣/١، وابن المبارك في الزهد، ١٤٠/١، برقم ٤٩.

هۆکارەکانی ڕیاکردن بریتیە لە ڕاکردن لە سەرزەنشت و گلەیی خەڵکی، بۆیە کەسی ژیر ئەو کەسەیە دەزانێت ڕاکردن لە سەرزەنشتی خوای پەروەردگار لە پێشترە، لەبەر ئەوەی سەرزەنشتی خوای پەروەردگار چاکە و جوانیە، هەروەکو جارێکیان پیاوێك بە پێغەمبەری (ﷺ) ووت: « إنَّ مَدحِي زَينٌ وَذَمِّي شَينٌ، فقال ﷺ "ذاكَ اللهُ "» [٥٥].

واتە: ئەگەر من ستایشی کەسێکم کرد ئەوا ستایشکراوە لای خوای پەروەردگار، وە ئەگەر من سەرزەنشت و لۆمەی کەسێکم کرد ئەوا سەرزەنشت کراوە لای خوای پەروەردگار، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەوەی ئەو سیفەتەی تیا بێت تەنها خوای پەروەردگارە، نەوەك تۆ، واتە: ئەو پیاوە مەبەستی ئەوەبوو خۆی هەڵبکێشێت و گەورەیی خۆی دەربخات بەوەی کە ووتی [٥٦].

وە گومان لەوەدانیە ئەگەر بەندەیەکی موسڵمان لە خەڵکی ترساو ڕازیانی کرد بە توڕەیی خوای پەروەردگار، ئەوە خوای پەروەردگار توڕە دەبێت لێی و وە خەڵکیشی لێ توڕە دەکات.

بۆیە ئەی بەندەی موسڵمان ئایا لە توڕەیی خەڵك دەترسیت؟ لە کاتێکدا ترسان لە خوای پەروەردگار لە پێشترە ئەگەر تۆ بەندەیەکی ڕاستگۆیت لە ئیمان و باوەڕەکەتدا.

٦. زانین و شارەزا بوونی ئەو کارانەی کە دەبێتە مایەی ڕاکردنی

---

[٥٥] أحمد في المسند ٤٨٨/٣، ٣٩٤/٦، من حديث الأقرع بن حابس رضي الله عنه، وإسناده حسن، ورواه الترمذي وحسنه برقم ٣٢٦٣.

[٥٦] **بڕوانە**: تحفة الأحوذي (١٠٩/٩).

شەیتان، لەبەر ئەوەی شـەیتان سەرچـاوەی هـەموو ڕیـاو بـەڵاو ناڕەحەتیەکـە، بۆیە شەیتانی دوور لە ڕەحم بەزەیی خوای پەروەردگار لـە زۆر شـت ڕادەکـات، لەوانە: بانگ دان، قورئان خوێندن، بردنی سوجدەی قورئان خوێندن (سُـجدةُ التّلاوة)، پەنا گرتن بە خوای پەروەردگار لە شەیتان، ووتنی (بِسمِ اللهِ) لە کـاتی دەرچون لە ماڵ، وە ووتنی (بِسمِ اللهِ) لە کاتی چوونە ناو مزگەوت لە گـەڵ ئـەو ویردانەی کە لە سوننەتدا هاتووە، وە بەردەوام خوێندنی ویردەکانی بەیانیان و ئێواران، وە خوێندنی ویردەکانی دوای نوێـژە فـەرزەکان، وە خوێـنـدنی هـەموو ویردە شەرعیەکان [٥٧].

٧. زۆر کردنـی کـردەوە خێـرو چـاکەکان و پەرسـتنە نهێنیـەکان و شـاردنەوەیان، وەکـو: شـەونوێژ، خێـری نهێنـی، گریـان لـە ترسـی خـوای پەروەردگار لە شـوێنێکی تەنیایـدا، کردنـی نوێـژە سـوننەتەکان، پاڕانـەوە بـۆ برایـانی موسـڵمان بـە نهێنـی و شـاراوەیی، لەبـەر ئـەوەی خـوای پـەروەردگار بەندەیەکی لە خوا ترس و شاراوەی خۆش دەوێت، هـاوەڵی بـەڕێزی پێغەمبـەر (ﷺ) سعد کـوڕی أبي وقاص (رضي الله عنه) دەفـەرموێت: گـوێم لـە پێغەمبـەری خـوا بـوو (ﷺ) دەیفەرموو: « إنَّ اللهَ يُحِبُّ العَبدَ التَّقيَّ الغَنيَّ الخَفي » [٥٨].

واتە: خوای پەروەردگار بەندەیـەکی لـە خـوا ترسـی دەوڵەمەنـدی شـاراوەی خۆش دەوێت (دەوڵەمەند لە دڵ و دەروونـدا، شـاراوە لـە کردنـی ئـەو کـردەوە

---

[٥٧] بۆ زیاتر شارەزابوون لەم بابەتە، بڕوانـە: كتاب مقامع الشيطان في ضوء الكتاب والسنة لـسليم الهلالي، کە بەڕاستی کیتابێکی زۆر گرنگ و بە سودە، والإخلاص لحسين العوايشة ص٥٧-٦٣.

[٥٨] رواه مسلم، كتاب الزهد، ٤/٢٢٧٧، برقم ٢٩٦٥.

چاکانەی کە باش وایە بە نهێنی بکرێت).

٨. گوێ نەدان بە سەرزەنشت و ستایشی خەڵکی، لەبەر ئەوەی ئەم کارانە نەسودی هەیە و نە زیانیش، بەڵکو پێویستە بەندەی موسڵمان تەنها لە سەرزەنشتی خوای پەروەردگار بترسێت، وە تەنها دڵی بە بەخشش و ڕەحم و ستایشی ئەو خۆش بێت: ﴿ قُلْ بِفَضْلِ ٱللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُوا۟ هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ﴿٥٨﴾ ﴾ (يونس: ٥٨).

واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بە موسوڵمانان بڵێ: بادڵ خۆش و شادمان بن بە فەزڵ و بەخشش و ڕەحمەتی خوایی (کە ئیسلام و قورئانی پیرۆز و سوننەتە) کە وابوو با تەنها بەوە دڵخۆش بن، دڵخۆشیان بەوە زۆر چاکترو باشترە لە هەموو ئەو سەروەت و سامانەی کە خەڵکی کۆی دەکەنەوە. بۆیە ووتەی زۆربەی زانایانی پێشین لەسەر ئەوەیە کە مەبەست بە ﴿بِفَضْلِ ٱللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِۦ﴾ قورئانی پیرۆز و سوننەتەکانی پێغەمبەرە (ﷺ).

دەی کەوابوو ئەی بەندەی موسڵمان پشت هەڵکە لە سوپاس و ستایشی خەڵکی بێ پێویست بە لێی بە وێنەی کەسانی پشت هەڵکردوو لە دنیاو ڕوو کردووە دواڕۆژ، هەر کاتێک ئەمەت بۆ کرا و بۆت گونجا ئەوە نییەت پاککردنەوەت بۆ خوای پەروەردگار لەسەرئاسان دەبێت.

موسڵمانی خۆشەویست کاتێک دەتوانیت پشت هەڵبکەیت لە سوپاس و ستایشی خەڵکی: ئەگەر تۆ بە دڵنیایەوە زانیت ستایشی خەڵکی سودت پێناگەیەنێت، وە سەرزەنشتی خەڵکی زیانت پێناگەیەنێت و ناشیرینت ناکات، بەڵکو تەنها خوای پەروەردگار ئەوانەی بە دەستە، بۆیە پشت هەڵبکەیت لە

سوپاس و ستایشی ئەوانەی كە ستایشیان جوانت ناكات، وە پشت هەڵ بكە لە سەرزەنشی ئەوانەی كە سەرزەنشتیان ناشیرینت ناكات، وە دەسەڵاتت بەسەر ئەم كارەدا نابێت تەنها بە ئارام گرتن و دڵنیایی نەبێت، بۆیە هەر كەسێك ئارام گرتن و دڵنیایی لە دەستدا، نموونەی وەكو كەسێك وایە كە دەیەوێت گەشتێك بە ناو دەریادا بكات بەڵام بێ كەشتی و پاپۆڕ.

موسڵمانی خۆشەویست سەیری ئەو كەسە بكە كە سەرزەنشت دەكات:

✵ ئەگەر ئەو كەسە كەسێكی ڕاستگۆ بێت لە سەرزەنشتەكەیدا، مەبەستی ئامۆژگاری كردنت بێت، ئەوە تۆ ئەو ئامۆژگارییەی لێ وەربگرە، لەبەر ئەوەی كەم و كوڕیەكانتی بۆ كۆكردۆتەوەو وەكو دیارییەك پێشكەشی كردویت، بۆیە تۆش لێی وەربگرە.

✵ وە ئەگەر ئەو كەسەی كە سەرزەنشتت دەكات كەسێكی ڕاستگۆ نەبێت لە سەرزەنشتەكەیدا، ئەوە خۆی تووشی درۆ و تاوان كردووە و تۆش سودت لێی بینیوە، لەبەر ئەوەی ئاگاداری كردویتەتەوە لە خراپەكانت لە كاتێكدا خۆت ئاگات لێی نەبووە، وە ئەو تاوانانەی بە بیر هێناویتەتەوە كە خۆت لە یادیانت كردووە.

✵ ئەگەر ئەو كەسەی كە سەرزەنشتت دەكات بە درۆ ئەو سەرزەنشتەت دەكات و بۆتی هەڵبەستووە، ئەوە تۆی موسڵمان ئەگەر ئەو تاوانەشت تیا نەبێت ئەوە بێگومان هەڵەو تاوانی ترت تێدایە، بۆیە لەم كاتەدا یادی نازو نیعمەتەكانی خوای پەروەردگار بكە بەسەرتەوە كە ئەو كەسە درۆ هەڵبەستە ئاگاداری هەموو كەم و كوڕی و تاوانەكانت نییە، وە ئەو درۆیەی كە بۆت هەڵبەستراوە دەبێتە مایەی سڕینەوەی تاوانەكانت ئەگەر ئارامی لەسەر بگریت

و چاوەڕێی پاداشتی خوای پەروەردگار بیت، وە پێویستە بزانیت ئەو كەسە درۆ هەڵبەستە خۆی تووشی تاوان كردووە و خۆی تووشی تووڕەیی خوای پەروەردگار كردووە، بۆیە تۆ لەو باشتر بە عافی بكەو لێی خۆش ببە ﴿أَلَا تُحِبُّونَ أَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٢﴾﴾ (النور: ٢٢).

واتە: ئایا پێتان خۆش نییە و حەزناكەن خوای پەروەردگار لێتان خۆش ببێت و عافتان بكات (بەڵێ)، خوای پەروەردگار زۆر لێخۆش بوو زۆر بەبەزەییە.

٩. یادكردنی مردن و كورتی هیواو ئاوات، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ ۗ وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۖ فَمَن زُحْزِحَ عَنِ ٱلنَّارِ وَأُدْخِلَ ٱلْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ ۗ وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا مَتَـٰعُ ٱلْغُرُورِ ﴿١٨٥﴾﴾ (آل عمران: ١٨٥).

واتە: هەموو نەفس و ڕوح لەبەرێك دەبێت بمرێت، وە لە ڕۆژی دواییدا پاداشت وەردەگرنەوە لەسەر كردەوەكانتان، بۆیە هەركەسێك لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاری بێت و دەر بچێت (ئەگەر بە گاوەڵكێش بێت) و بچێتە بەهەشتەوە ئەوە بێگومان سەرفرازو ڕزگار بووە، وە ژیانی دونیا هیچ نییە تەنها لەزەتێكی كاتی و بەسەر چووی هەڵخەڵتێنەرە.

وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَمَا تَدْرِى نَفْسٌ مَّاذَا تَكْسِبُ غَدًا ۖ وَمَا تَدْرِى نَفْسٌۢ بِأَىِّ أَرْضٍ تَمُوتُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌۢ ﴿٣٤﴾﴾ (لقمان: ٣٤).

واتە: هیچ كەسێك (نەفسێك) نازانێت بەیانی چی دەكات (لە كارو كاسبی و هەڵس و كەوت)، هیچ كەسێك (نەفسێك) نازانێت كەی و لە چی شوێنێك

دەمرێت، خوای پەروەردگار زۆر شارەزایە بە ئاشکراو نهێنی هەموو کارەکان.

١٠. ترسان لە مردنی دوارۆژ خراپی، بەندەی موسڵمان دەبێت زۆر بترسێت لەوەی کە کردەوە ڕیاکانی کۆتا کردەوەکانی بێت و کۆتایی ژیانی بێت (بەو کردەوە ڕیاییەوە بمرێت) بۆیە گەورەترین زیان و خەسارەمەندی ئەو کارەیە، لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان لە ڕۆژی دواییدا لەسەر ئەو کردەوەیە زیندوو دەبنەوە کە لە دونیادا لە سەری ژیاون و لەسەریشی مردوون، خەڵکی زیندوو دەکرێنەوە لەسەر نییەتەکانیان لە دوارۆژدا، وە باشترینی کردەوەکان کۆتاییەکەیەتی.

١١. هاوڕێیەتی کردنی کەسانی نییەت پاك و لە خوا ترسان، چونکە کەسانی نییەت پاك و لە خوا ترسان بێبەشت ناکەن لە خێرو چاکە، وە دەبنە پێشەنگ و پێشەوای چاکە بۆت، بەڵام کەسانی ڕیابازو هاوەڵ بڕیاردەران دەتسوتێنن لە ئاگری دۆزەخدا ئەگەر شوێنی کردەوەکانیان بکەویت.

١٢. پاڕانەوەو پەنا بردنە بەر خوای پەروەردگار تا پەنات بدات لە ڕیا، هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) فێری کردوین ئەم دوعایە بخوێنین، هەر وەك دەفەرموێت: « يا أَيُّها النّاس اتَّقُوا هذا الشِّرْكَ، فإِنَّهُ أخفَى مِن دَبيبِ النَّمل، فقالَ بَعضُ الصَّحابَةِ: كَيفَ نَتَّقيهِ وَهُو أخفَى مِن دَبيبِ النَّملِ يا رسولَ الله؟ قالَ: قولوا: اللّهُمَّ إنّا نَعوذُ بِكَ أن نُشرِكَ بِكَ شَيئًا نَعلَمُهُ وَنَستَغفِرُكَ لِما لا نَعلَمُهُ »[٥٩].

واتە: ئەی موسڵمانان خۆتان بپارێزن لەو شیرك و هاوەڵ بڕیاردانە کە شاراوەترە لە شوێن پێی میروولە، هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویان:

---

[٥٩] أخرجه أحمد ٤٠٣/٤، وإسناده جيد، وغيره، وانظر: صحيح الجامع ٢٣٣/٣، وصحيح الترغيب والترهيب للألباني ١٩/١.

چۆن خۆمانی لێبپارێزین لە کاتێکدا شاراوەترە لە شوێن پێی مێروولە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بڵێن: ئەی پەروەردگارمان پەنات پێدەگرین کە بچوکترین هاوەڵت بۆ بڕیاربدەین و بشزانین، وە پەنات پێدەگرین لەو تاوانەی (شیرکەی) کە ئەنجامی بدەین و نەیزانین .

١٣. بەندەی موسڵمان هەوڵ بدات و حەز بکات کە خوای پەروەردگار یادی بکات لە بیری نەکات، وە پێشخستنی یادی خوای پەروەردگار بەسەر ستایشی بەندەکاندا، ﴿ فَٱذۡكُرُونِيٓ أَذۡكُرۡكُمۡ ﴿١٥٢﴾ ﴾(البقرة: ١٥٢).

واتە: بەردەوام یادم بکەم منیش یادتان دەکەم و لە بیرتان ناکەم.

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمودەیەکی قودسیمان لە خوای پەروەردگارەوە بۆ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «أنا عِندَ ظَنِّ عَبدِي بِي وَأنا مَعَهُ إذا ذَكَرَنِي، فإن ذَكَرَنِي فِي نَفسِهِ ذَكَرتُهُ فِي نَفسِي، وَإن ذَكَرَنِي فِي مَلأٍ ذَكَرتُهُ فِي مَلأٍ خَيرٍ مِنهُم، وَإن تَقَرَّبَ إلَيَّ شِبرًا تَقَرَّبتُ إليهِ ذِراعًا، وإن تَقَرَّبَ إلَيَّ ذِراعًا تَقَرَّبتُ مِنهُ بَاعًا، وإن أتانِي يَمشِي أتَيتُهُ هَروَلَةً»(٦٠).

واتە: من لە گەڵ گومانی بەندەکەمدام کە پێم دەبات وە لەگەڵیدام کاتێک یادم دەکات (بە زانیاری و دەسەڵات لە گەڵیدایە) بۆیە هەرکاتێك ئەو بەندەیەم لە نەفسی خۆیدا یادی کردم، ئەوە منیش لە نەفسی خۆمدا یادی دەکەم، وە ئەگەر یادی کردم لە ناو کۆمەڵێکدا، ئەوە من یادی دەکەم لە ناو کۆمەڵێکدا کە زۆر چاکترو باشترن لەوان، وە ئەگەر ئەو بەندەیەم بستێك لێم نزیك ببێتەوە

---

(٦٠) متفق عليه من حديث أبي هريرة رضي الله عنه: البخاري واللفظ له، كتاب التوحيد، ٨/٢١٦، برقم ٧٤٠٥، ومسلم، كتاب الذكر والدعاء، باب الحث على ذكر الله، ٤/٢٠٦١، برقم ٢٦٧٥.

ئەوە من باڵێك لێی نزیك دەبمەوە (زیاتر بە هانایەوە دێم)، وە ئەگەر ئەو بەندەیەم باڵێك لێم نزیك ببێتەوە ئەوە من هەنگاوێك لێی نزیك دەبمەوە، وە هەر کاتێك ئەو بەندەیەم هات بۆ لام (ڕووی کردە من و عیبادەتی منی کرد) ئەوە من زیاتر لێی نزیك دەبمەوە (بە عیلم و زانیاری و بە هاناوە هاتنی). خوای پەروەردگار پشتیوانمان بێت(٦١).

١٤. چاو نەبوون لەو شتانەی کە لە ژێر دەستی خەڵکیدایە، چونکە نییەت پاکی و حەز بوون بە سوپاس و ستایش و حەز بوون بەو شتانەی کە لە لای خەڵکییە لە دڵێکدا کۆ نابنەوە، مەگەر وەکو کۆبونەوەی ئاوو ئاگر، یان بزن مژۆك و ماسی (ئەمانەش مەحاڵن)، بۆیە موسڵمانی خۆشەویست هەر کاتێك نەفست داوای نییەت پاکی لێکردیت ئەوە یەکەمجار ڕوو بکەرە تەماح و سەری ببڕە بە چەقۆی بێئومێد بوون لەوانەی کە لە لای خەڵکی هەن، کاتێك دەتوانی بە ئاسانی تەماح بوون بەو شتانەی کە لای خەڵکی هەیە سەرببڕی، ئەگەر زانیاری و دڵنیاییەکی تەواوت هەبوو بەوەی کە هەر شتێك تۆ حەزت پێیەتی ئیللا بە دەست خوای پەروەردگارە، وە گەنجینەی هەموو کارەکان لە ژێر دەستی خوای پەروەردگار دایە و بە دەست هیچ کەس نییە جگە لەو، وە هیچ شتێك بەدەستت نایەت مەگەر لای خوای پەروەردگارەوە بێت(٦٢).

١٥. زانین و شارەزابوونی بەروبوم و سوودو پاشەڕۆژە چاکەکانی نییەت

---

(٦١) **بۆ ئەوانەی پێشوو بڕوانە:** منهاج القاصدين ص٢٢١-٢٢٣، وە كتاب الإخلاص لحسين العوايشة ص٤١-٦٤، وە الرياء ذمه وأثره السيئ في الأمة لسليم الهلالي ص٦١-٧٢، وە الإخـلاص والـشرك الأصغر للدكتور عبد العزيز بن عبد اللطيف، ص١٣.

(٦٢) **بڕوانە:** الفوائد لابن القيم ص٢٦٧-٢٦٨.

پاكی لە دونیاو دواڕۆژدا، لەو بەروو بوم و سودانە: نییەت پاكی هۆكارە بۆ سەركەوتنی ئەم ئوممەتە، هۆكارە بۆ ڕزگار بوون لە سزای خوای پەروەردگار، هۆكارە بۆ بەرزی پلەو پایە لە دونیاو دواڕۆژدا، هۆكارە بۆ سەلامەت بوون لە سەرلێشێواوی لە دونیادا، هۆكارە بۆ ئەوەی خوای پەروەردگار ئەو بەندەیەی خۆش بوێت و فریشتەكانیش خۆشیان بوێت، هۆكارە بۆ بوونی ناوی باش، هۆكارە بۆ لا چوون و نەمانی تەنگ و چەڵەمەو ناخۆشی دونیاو دواڕۆژ، هۆكارە بۆ دڵ ئارامی و هەست كردن بە بەختەوەری ژیان، هۆكارە بۆ بەرگەگرتن و هەڵگرتنی هەموو ناخۆشی و ناڕەحەتیەكان، باوەڕ جوان و ڕازاوە دەكات لە ناو دڵدا، هۆكارە بۆ گیرابوونی پاڕانەوە، هۆكارە بۆ بەدەست هێنانی نازو نیعمەت و موژدەی دڵخۆش كەر لە ناو گۆڕدا، خوای پەروەردگار پشتیوانی هەموو لایەكمان بێت[٦٣].

بۆیە موسڵمانی خۆشەویست ئەگەر ڕازی بوونی خوای پەروەردگارت دەوێت، ئەگەر سەرفرازی و ڕزگار بوون و خۆشەویستی خوای پەروەردگار دەوێت، ئەوا هەوڵبدە نییەتت پاك بكەوە بۆ خوای پەروەردگار و دوور بكەوەو ڕابكە لە ڕیا.

لە كۆتاییدا داواكارم لە خوای پەروەردگار كە من و تۆو سەرجەم بانگەوازكاران و پێشەوایان و موسڵمانان بە گشتی بپارێزێت لەو تاوان و بەلا ترسناكە، آمـــــين.

ولا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم.

---

[٦٣] **بڕوانە**: كتاب الإخلاص للعوايشة ص٦٤-٦٦.

## نـــــاوەڕۆك

پێشەکی وەرگێڕ ........................................ ٣
پێشەکی دانەر ........................................ ٦
**بەشی یەکەم:** ڕوناکی نییەت پاکی........................................ ١٠
**باسی یەکەم:** تێگەیشتن لە مانای نییەت پاکی........................................ ١٠
**باسی دووەم:** گرنگی نییەت پاکی........................................ ١٢
**باسی سێیەم:** پلەو پایەی بەرزی نییەتی باش........................................ ١٨
**باسی چوارەم:** بەرو بووم و سودەکانی نییەت پاکی (الإخلاص)........... ٢٧
**بەشی دووەم:** تاریکییەکانی ویستی دونیا بەکاری دوا ڕۆژ.............. ٣٠
**باسی یەکەم:** ترسناکی ویستی بەدەست هێنانی دونیا بە کردنی کاری
چاکەی دوارِۆژ........................................ ٣٠
**باسی دووەم:** جۆری ئەو کارانەی کە بۆ بەدەست هێنانی دونیا
دەکرێت........................................ ٣٦
**باسی سێ یەم:** ترسناکی و شوێنەوارە خراپەکانی ڕیا............... ٣٨
**باسی چوارەم:** جۆر و ردەکارییەکانی ڕیا........................................ ٤٦
**باسی پێنجەم:** بەشەکانی ڕیاو شوێنەواری خراپی لەسەر کردەوە
چاکەکان ........................................ ٥١
**باسی شەشەم:** هۆکارو پاڵنەرەکانی ڕیا کردن........................................ ٥٥
**باسی حەوتەم:** ڕێگا چارەی بەدەست هێنانی نییەت پاکی و چارەسەری
ڕیا کردن........................................ ٥٨
ناوەڕۆك ........................................ ٧٤